توێژینەوەی یەکەم

# نۆستالۆژیای داگیرکراوان

مەسعوود بابایی

TISHK
The Center for
Kurdistan Studies

# نۆستالۆژیای داگیرکراوان

مەسعوود بابایی

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
**TISHK Research Paper**
٢٠٢٤ی زایینی

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

ناوی توێژینەوە:  نۆستالۆژیای داگیرکراوان
ناوی نووسەر: مەسعوود بابایی
وەشانخانە:  ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک
شوێن: کۆڵن، ئاڵمان
ساڵی چاپ: پووشپەڕی ٢٧٢٤
ژمارە: ١
https://doi.org/10.69939/TISHK6110
ISSN 2943-7245
eISSN 2943-7237

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan
Postfach: 840108
51033 Köln

نووسین:
مەسعوود بابایی

وێنەی ڕووبەرگ:
ژیندا

دیزاین:
ئاران

له زنجیره بڵاوكراوه‌كانی
TISHK Research Paper
٢٠٢٤ی زایینی
ژماره (١)
ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک

www.tishk.org

TISHK
Zentrum für Studien über Kurdistan

# بەرایی

داگیرکـراوان بــەردەوام لە حەسرەتی گەڕانەوە بــۆ بیرەوەری یان نیشــتمانێکی بزربوودان. ئەم تامەزرۆییــە بــۆ گەڕانەوە، تەنانــەت بەرلەوەی زاراوەیەکــی ئەدەبی وەک «نۆستالژی»یشــی بۆ دابنرێــت، تایبەتمەندییەکــی ئەدەبــی جیهانــی بەگشــتی و ئەدەبــی کوردیش بــە تایبەتی بووە. یەکــەم وێنەی هۆمێر لە ئۆدیســە ئەمەیە کە ئەو لە دوورگەی «ئۆگیجیا» دانیشــتووە و دەگریت و لە حەســەرەتی ئێتاکای خۆشەویستی (شــارەکەی زێدی)دا دەسووتێت. سەرەڕای ئەوەی خواوەند کالیپسۆ پێشنیاری هاوژینی و بەخشینی ژیانی هەرمانی پێ دەکات، ئۆدیسە هەر گەڕانەوە بۆ شوێنی لەدایکبوونی دەوێت. تەنانەت پاش ئەوەی کالیپســۆ، پێشــەکی ئەو مەینەتییانەی پێ دەڵێت کە لەگەڕانەوەیدا بۆ زێدەکەی تووشیان دەبێت.

لەوانەیە خاڵی هاوبەشــی هەموو نۆســتالژییەکان حەسرەتی گەڕانەوە بۆ نیشتمان یان ڕابردوو بێت، بەڵام باری دەوروبەری ئەوانە و ئەزموونی زەینی و خەیاڵییانە، کە لە واتائافرێنی و گێڕانەوەدا جیاوازن. لە نەریتی گێڕانەوەی کوردیدا، «مەم و زین»ی خانی لەوانەیە یەکەم گێڕانەوە و گەڕانەوە بــۆ یادەوریــی داگیرکراو بێت. حەسرەتێکە بــۆ گێڕانەوە بە «زمانی کوردی» لــە خۆیدا. لە ئەوین، خەیاڵ، دەسەڵات، سروشت، وەفا، فیداکاریی و گیانبازی و ... . تەنانەت هەموو چیرۆکە هۆنراوە وەرگێڕدراوەکانی وەک «شــانامە» کوردییەکان بە زاری گۆرانی، دەربڕی ئەوەن کە نیشتمان تەنیا جۆگرافیــا یان فەزا و پانتایەکی شــوێنی-کاتی نییە و بە بێ بوونێــک لە زمان و گێڕانەوەی خۆییدا، ئــەو بوونە جیاکەرەوە ناســنامەییە نییە کە واتابەخشــی ژیانێکی ئازادی مرۆییانــە بێت. کرۆکیی واتاییی ئــەم گێڕانەوە بە زار جیاوازانەی کوردی کە زۆر گرنگە لێــی بڕوانرێت، خۆبەراوردکردنێکی متمانەبەخۆیانەیە لەگەڵ ئەوی تری فارس، تورک و عەرەبدا. ئەمان شانازی بەوە دەکەن کە واتا لە هەناوی ســامانێکی کەلتووریی زمانیی جیــاوازەوە بەرهەم دەهێنن. ڕاســتییەکەی لە ئەنجامی ئــەو نرخاندنە بەهایی، جوانیناســی و ئەخلاقییــە بەراوردییەی ئەوانەوەیە کــە ئێمەش وەک نەوە داگیرکراواکانی ئەوان هەروا لە بە کەلتووری خۆ نازینەوە، بەرەنگاریی داگیرکەر دەکەین.

هەرچەنــد لەوانەیە تاکــی داگیرکراوی وەک کورد لــە نیشــتمانەکەی دوور نەکەوتبێتەوە یان مەودایەکی شــوێنیی لەگەڵیدا نەبێت، ڕاســتییەکەی ئەوەیە کە بوونەکــەی تەنێکە یان بوونێکی جەســتەییە تێیدا. ئەو دەیهەوێت بەربەســتەکانی بەردەم باسکردنی سەربەســتانەی خۆی، ئێستا

و ڕابردووەکـەی ئـەوی بردووەتە نامۆیی و غەریبییەکـی قووڵەوە، لە ئارادا نەهێڵێت. نۆسـتالژیی داگیرکـراو دەرچوونـە لـە داگیرکراوی، هـەر بۆیە ئەو دەیهەوێت نیشـتمانێک لـە خەیاڵدا بنیات بنێتـەوە کە شـەڕی گێڕانەوەی زاڵـی داگیرکەری پێ بکات کـە لە ڕێی میدیا، پـەروەردە و دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی داگیرکەرەوە بەدامەزراوەیی دەکرێت.

ئەگـەر لە جیهانی خۆشـبژیوی ڕۆژئاواییدا نۆسـتالژیبوون هەندێکجار بە واتـای دەرچوون لە پێوەندی، پاشـڤەڕۆبوون و تەنانـت بێز لەبێگانەش لێکدەدرێتەوە، بۆ داگیرکراو دروسـتکردنەوەی پێوەندییە لەگەڵ ژینگە، هەست، یادەوەری و زێد. دەرچوونە لە گێڕانەوە زاڵکراوە نامۆکان کە لەگەڵ ژیان، کەلتوور و نیشـتمانی ئـەودا نەگونجاو و بێزراون. ئەوان بە شـێوەیەکی مێژوویی، زۆرداری و داگیرکەرییەکـەی خۆیان بەسـەر ئێمەی کورددا بە داگیرکردنی ئەزمـوون و نواندنەوەکانمان لە خۆمان بە ناوی مۆدێرنیزاسـیۆن و قوتابخانە و ناوەندە بەناو ئیرشـادییەکانیان، بەناوی ڕووناکبیری دادەپۆشـن، یان بـە گێڕانەوەی سـاختەی میدیایی، ڕەوایی بـە پیلانی داگیرکاریـی دڕندانەیان دەبەخشن.

ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردستان - تیشک
بەشی وتاری توێژینەوەیی

# نۆستالۆژیای داگیرکراوان*

## گەلۆ چما مرۆی داگیرکراو نۆستالۆژیای تایبەت بە خۆی هەیە؟

هونەر، ئەدەب، مۆسیقا و سینەمای داگیرکەر خەیاڵدانی منداڵی و تازەلاوی و لاویمان دادەپۆشێت؛ لە قارەمانی فیلم کارتۆنەوە تا گۆرانیبێژ و نیارڤانی(ئەکتەر) شانۆ و سینەما، تا دەگاتە هونەرمەند و ئەدیبی نەتەوەی سەردەست دەتوانن لەژێر ناونیشانی «جیهانیبوونی هونەر و ئەدەب» دروستکەری ڕابردوویەک بن کە ڕابردووی «من» نییە. کە بیر دەکەینەوە قوتووی جادوویی مودێرن (تەلەڤیزیۆن) چاوی منداڵیمان بە وێنەی بێگانەیەک ئاشنا دەکات کە دەیهەوێت خۆی بکات بە «من». «گۆرانی»یەک کە زایەڵەکەی، «خۆیی» دادەپۆشێت و «بێگانە» دەکات بە «خاوەنماڵ»؛ جیهانبینیشتمانیی هونەر و ئەدەب و هزر، بە دروشمی «هاوبەشێتیی ڕۆحی مرۆیی» - ئەم میتافۆرە دڵکێشە- کە ڕۆحی کۆیلەکان داڵدە دەدات تا وا هەست بکەن ڕۆحیان تێکەڵ بە «ڕۆحی گەردوونی» بووە، سەرەتایەکە بۆ ڕەخساندنی نۆستالۆژیایەک کە وردە وردە لە زەیندا پێوەندییەکانی «باندەست» و «بندەست» بە ئاسایی نیشان دەدات. «داخورانی ڕۆحی خۆیی»، مەودا - جیاوازیی نێوان فەرهەنگەکان ناسڕێتەوە، بەڵکو فەرهەنگی «من»ی داگیرکراو دەسڕێتەوە، چونکە «ئەو» لە دۆخێکی یەکساندا لەگەڵ «من» گفتوگۆ ناکات؛ ئەم دۆخە، دۆخی «نێواندەقێتی یان دەقئاوێزان» نییە، ئەم دۆخە ڕاکێشرانی «من»ە بە دوای «ئەو»دا. ئەم دۆخە دان بە «مێژوویەتیی من» دانانێت، ئەم دۆخە لە ڕاستیدا سڕینەوەی «زەینی مێژوویی من»ە، «سڕینەوەی یادگەی مێژویی من»ە؛ جۆرێک لە هەڵوەداییە کە تراویلکەی جیهانبینیشتمانی لە هیچ خاکێکدا نایگیرسێنێتەوە.

- نۆستالۆژیا: ئارەزوومەندی، ئاواتەخوازی، خەیاڵی شیرینی منداڵی، ساتی لە دەستچوو، گەڕانەوە بۆ ساتێک کە چێژ لە مەلاشوودا دەگێڕێت.

# منداڵی:

بەهێزترین نۆستالۆژیا، نیگای سەردەمی منداڵییە؛ چیای بەفرین، ئاسمانی شین، دەلاقەی خانووی بەردچن و پەنجەرەی شین و دەرگای سەوز! داری سەرقەبران و پەڕۆی سەوز و ترس لە جنۆکان لە ئێوارەدرەنگاندا کاتێک بەلای گۆڕستاندا تێدەپەڕیت؛ دێوی سەر کانی و حەپەحەپی سەگی ڕەش. ترسەکان و ئاواتەکانی خەوتن لەسەر بان و ژماردنی ئەستێران و خوڕەخوڕی تاڤگە و قوڵتەقوڵتی ئاوی قەڵبەزەکان!

ئەو قاچانەی منداڵی بەو یادگە پچڕپچڕەوە شوێنەکان دەگەڕێت و ئەو چاوە ڕەشانەی کە لە ترێ ڕەشکە دەچن بەشێوەیەکی جادوویی لە مێشکی منداڵانەدا دەچەسپێن! ئەمانە جیهانی منداڵیی ئێمەن کە ئەگەر سبەی ڕۆژ ببین بە شاعیر دەبێ بەو نیگایە جارێکی دیکە لە جوگرافیا و نیشتمان و زێد بڕوانین!

ئامێزی گەرمی دایک، یاری و شەربەت و شیرینی گۆڕەپانی یاری لە سروشت و قوتابخانەدا زەینێکی ڕوون بەڵام سنووරداری هەیە کە منداڵ دەتوانێت لە تەمەنی ٤ ساڵی بەو لاوە لە یادگەیدا تۆماریان بکات... لەم قۆناخەدا بیرەوەری نییە، بەڵکو تەنیا وێنە هەیە، وێنەی باپیرە و داپیرە، وێنەی دیارییەکان، وێنەی نیگای گەرمی دایکوباوک و بڕوبیانوو و چنگەڕنێی خوشک و پێلەقەی برا!

جیهان لەو تەمەنەدا بەو جۆرەیە کە دەبینرێت؛ بە بێ ڕاڤە. وارسکەکان (غرایز) هێشتا بەزەقی دەرناکەون. بەڵام ئەم وێنە و وێنا پچڕپچڕانەی یادگە لە بیچمگرتنی کەسایەتی لە هەڵکشانی تەمەندا گرنگییان هەیە.

وردە وردە لە ئامێزی دایک مەودا دەگرین، لایە لایە، زمانپژانی ئێمە ئاسانتر دەکات... منداڵێک کە ئەندامی نەتەوەیەکی بندەستە، لە یەکەمین ڕۆژانی چوونە قوتابخانە ڕەنگە نیگایەکی میهرەبانی مامۆستایەک ببینێ، بەڵام دەنگی زمانێکی بێگانە دەبیستێت، لەو قوتابخانەیەدا زمانێک دەبیستێت کە کۆدەکانی ئاشنا نین، لە لایە لایەی دایکی ناچێت! فێر دەکرێت کە لایە لایەی دایکی ئەو، زمانێکی پشت کێوەکانە و ئیدی بەم شێوەیە «پشت کێو»، دەبێت بە هەمان جنۆکەی سلێمان! نۆستالۆژیای خۆیی لە کاتی چوون بۆ قوتابخانە وەک دەڵەمەیەکی هەمیشە دەڵەمە لە پشت ئاوێنە دادەنرێت.

ئەگەر لەدایکبووی لادێ و گوند بیت؛ نۆستالۆژیای منداڵیت فراوانترە، چونکە وێنایەک لە گوڵ و گیا و کانیاو و ڕووبار و شێوەی بیناسازیی خانووەکان لە زەینتدا دەمێنێتەوە. ڕەنگە منداڵی شار لەم وێنایە بێبەش بکرێت. «منداڵی شار» زووتر تووشی «نامۆبوون» دەبێت

و ڕەنگە زووبەزوو لە فەرهەنگی باڵادەستدا بتوێتەوە. شیکپۆشە، جلوبەرگی شارییانەی لەبەر دەکرێت، لە فەزای ئەودا «بێگانە»یەک نابینرێت تا بەرەنگاری ببێتەوە. بۆ منداڵێکی کوردی پایتەختنشین، هەر لە سەرەتاوە مەودا - جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینرێت. ئەو دنیایەی دەیبینێت بە لایەوە ئاساییە. بەئاسانی فێری زمانی بێگانە دەکرێت، دەنگەژێ و قورگ و زمان و ددان و لێوی بەو زمانە ڕادێن. ئەم منداڵە هەر لە سەرەتاوە قورقوشمێکی تواوەیە و بەئاسانی لە کەستەک دەدرێت. جیاوازیی ئەم منداڵە لەگەڵ منداڵێک لە ناوچەیەکی کوردستاندا لەوەدایە کە ئەو ژینگەیەکی فەرهەنگیی جیاوازی ئەزموون نەکردووە. «چینی بۆرژوای نەتەوەی سەردەست» خۆی وەک «هەمیشەئاشنا» دەناسێنێت. بۆ منداڵێکی کوردی نیشتەجێی شارێکی بێگانە، زۆر دژوارە کە بتوانێت ئەم «هەمیشە ئاشنا»یە وەک بێگانە ببینێت، چونکە هەر لە بنەڕەتەوە فێر نەکراوە کە لە کوێوە هاتووە و سەرچاوەکەی چییە تا لە «بێگانە»یی خۆی تێبگات!

نۆستالۆژیای ئەو، هەرکە گەورە بوو؛ نۆستالۆژیای «شەوانی پایتەخت»ە. هیچ جیاوازییەک لەنێوان نۆستالۆژیای ئەم و نۆستالۆژیای «بەچکە فارس» و «بەچکە عەرەب» و «بەچکە تورک»دا نییە، هەڵبەت بۆ ئەورووپانشینانی کەمتەرخەمیش ئەم بابەتە وەراست دەگەڕێت. ئەگەر لەبەر ناخودئاگای سەرکوتکراوی کورد، جاروبار پێی دەگوترا «بەچکە جن»، لەوێ ئەم دەستەواژەیەشی پێناگوترێت تا بە دوای کۆدەکانیدا بگەڕێت!

## لەسەر بان و کۆڵانان

کە پێ دەنێینە تازەلاوییەوە، «گەڕەک»ی نێو شار و شارۆچکەیەک لە هەموو «شار»ەکە زەقوزەلاترە! «گەڕەک» لەو تەمەنەدا دنیای یەکەمینە. لە نۆستالۆژیای منداڵیدا «ماڵ» و «خێزان» و «هاوکایە» زۆرترین ڕووبەری نۆستالۆژیای ساڵانی بەراییی تەمەنن. «گەڕەک» لە لاوێتیدا لە «شار» زەقترە، تازەلاو دەزانێت کە «شار» گەورەترە لە «گەڕەک» بەڵام چەقی ژیانی ئەوە؛ هەر بۆیە «منداڵانی گەڕەک» جیهانی ژیانی لاوێتیی ئەون؛ یارییەکان، شەڕوئاشتیی پاتەوپات، پارەی گیرفان بۆ وردەخەرجی کە بەتەماین دووکانێکی پێبکڕین، بەڵام ناچارین بە پیپسی یان بسکیت یان شوکۆلاتەیەک قایل ببین.

بۆ تازەلاوێکی «شاری»، «گەڕەک» چەقی ژیانە، بەڵام بۆ تازەلاوێکی «گوندی»، «کانیاو» و «باخ» شوێنی شاردنەوەی خەونەکانن! لەوێ باشترین هاوڕێکان، مەترسیدارترین نهێنییەکان دەشارنەوە. بە بارمتەگرتنی «نهێنیی» یەکدی، وردە وردە دەبێتە مەرجی

دریژەدان بە هاوڕێیەتی!

بەگوێرەی پەندی کوردی: لاو چاوی دەبێت بە هێلانە!» لەو تەمەنەدا «دڵ» هێلانەی «چاوان»ە. بەشی هەرەزۆری نۆستالۆژیای لاوێتی «جوانی» و هونەر»ە.

هاوڕێ» گەنجی سەربەمۆری نهێنییە. کۆڵان بۆ کوڕان و سەربان و پشت پەنجەرە بۆ کچان و بەرپێ نادیار!

ئەگەر ئاسایی گەورە بین، شوێنی خۆولاتی کێڵگەی فەرهەنگی خۆماڵییە. لەو دۆخەدا دەتوانم بڵێم زەین و زمان و ژینگە، واتای پێوەژیو بەرهەم دەهێنن. واتە، واتایەک کە لەگەڵیدا دەژین، تۆخمی ئاشنای فەرهەنگی لەگەڵ ژینگە و پەروەردەدا پەیکاڵە؛ مەسەلەکە تەنیا «سروشتیژیان»ی مرۆڤی ئازاد نییە، بەڵکو «پەیکاڵی(انطباق)ی سروشتیی ژینگە و زەین و زمان»ە کە ژێردەستەکان بەتەواوەتی ئەو پەیکاڵەیان نییە یان لە دەستیان داوە. لە هەموو قۆناخەکانی تەمەندا «ژینگە» لە پرۆسەی پەروەردەدا کاریگەریی هەیە. سەربزێویی لاوان و حەزکردن بە تاقیکردنەوەی شوێنی نوێ و ئەزموونی جیاواز و هەڵپەی دەرکەوتن و سەرناسبوون جاروبار لە «زێد» هەڵیاندەکەنێت و پەڕیوەی دیاری نادیاریان دەکات.

پێوەندیی ڕەگەزی لە لاوێتیدا گەلێک گرنگە؛ ئەزموونی هەستەکیی ئەم سەردەمە و خولیاگراویی لاوانە و بەئایدیاڵکردنی ڕەگەزی بەرانبەر «چ کچ و چ کوڕ» لە «ئەڤین» تەنیا «چێژ و ژان»ی لێناکەوێتەوە. «ئەڤین» تەنیا تێربوونێکی جەستەیی نییە، بەڵکو پوختەیی و ڕەسیویی نیگای جوانیناسانەیە بەرانبەر «ژیان» کە لەنێو «وێنای فەرهەنگی»دا فرچک دەگرێت. هەستی دڵدارانە ئەگەرچی لەگەڵ خۆیدا پێشداوەرییەک لەبارەی کەسی بەرانبەر بەشێوەیەکی ئایدیاڵ بەرهەم دەهێنێت بەڵام لەو هەستە گشتییە فەرهەنگییەی کە فەرهەنگێکی دیاریکراو لێی هەڵدەهێنجێت دابڕاو نییە. بۆیە تەنانەت شێوازی ئەڤینداری و نیشانەناسیی ئەڤین لە فەرهەنگێکدا لە دروستبوونی «نۆستالۆژیای خۆیی»دا کاریگەریی هەیە. نۆستالۆژیای خۆیی ئەو نۆستالۆژیایەیە کە هاوپەیوەستە لەگەڵ ژینگەی کولتووریدا؛ لەوێوە بەرهەم هاتووە و تۆخمەکانی خۆیین. جلوبەرگ، سەرودەسماڵ، کڵاو و جامانە و کڵاش و کلدان، سوخمە و فێس و کلیتە و خشڵەکان لە یادەوەریی جوانیناسانەی ئەڤیندا ڕەخسێنەری «نۆستالۆژیای ئەڤین»ن. نۆستالۆژیا، گەڕانەوەیە، ئاوڕدانەوەیە و ئەزموونێکی ڕابردووە بە شێوەی «ژان و چێژ» ختووکەی یادگەمان دەدات. بەشێکی هونەر و ئەدەبیات بە بێ ڕووبەری فراوانی ئەم نۆستالۆژیایە دەلەنگێت. شێوەی «دڵدار»، لە وێنای فەرهەنگیی ئێمەی کورددا، دڵێکی دزراوە لای «دڵبەر»، ئەم وێنایە، وێنای مەودایە، وێنای دوورییە، وێنایەکە کە تێیدا «مرۆڤێکی گلدراو» تەنیا بە پێگەیشتن دەتوانێت بگەڕێتەوە ئامێزی

ژیان. ئەو دڵەی کە دەدڕێتەوە، دڵی جاران نییە، دڵێکی یەکبووە. بۆیە ئەم دڵدارییە هەر لە سەرەتاوە «نۆستالۆژیک»ە. دارسێوێکی دوورە کە بۆ گەیشتن بە سێوەکەی دەبێ بۆ هەمیشە لە سێبەریدا دابنیشیت! دانیشتن لە سێبەری ئەو دارەدا پابەندییە بە بەندوباوی چڤاک و نەریت! «ئەڤین» لە وێنای فەرهەنگیی ئێمەدا «پێگەیشتن و تێدامانەوە»یە نەک «پێگەیشتن و بەجێهێشتن!» لەگەڵ ئەوەشدا پێنەگەیشتن حەواڵە بە قەواڵەی «ئەودنیا»یە! وەک هۆزانڤانی فۆلکلۆر دەڵێ:

خۆزیا لەم دنیا تۆیان دابا پێم          با لەو دنیادا دۆزەخ بایە جێم

## «لاو چاوی دەبێت بە هێلانە!»

ئەگەر تەنیا لە ڕوانگەیەکی دەروونناسانەوە ڕاڤە بکەین، «قۆناخی تەمەن» دەبەستینەوە بە گۆڕانگاریی فیزیۆلۆژیک و گەشەی هۆرمۆنی و پێگەیشتنی وارسکەی سێکس و هەستەکان و هەڵسوکەوتی لاوانە لەم شرۆڤەیەدا جێ دەکەینەوە. من نامهەوێت لەم ڕوانگەوە سەیری بابەتەکە بکەم و پێم وایە ئەم ڕوانگەیە مەبەستی بابەتەکەی من ناپێکێت. کاتێک لە نۆستالۆژیا دەدوێین، باس لە دۆخێکی دەروونی دەکەین؛ ئەمە ڕاستە، بەڵام «نۆستالۆژیا» دۆخێکی تێپەڕیوی بارێکی ژیانە کە بەشێوەیەکی «جوانیناسانە» ڕابردوو و سەرگورشتەیەک وەبیر دەهێنێتەوە کە لەو دەمەدا بیری لێنەکراوەتەوە! بۆ نموونە کاتێک باسی «نۆستالۆژیای لاوێتی» دەکەین، لەو ڕەوشە نادوێین کە لە سەردەمی لاوێتیدا هەستمان پێکردووە، ئێمە تێیدا ژیاوین بەڵام ئاواتمان بۆ نەخواستووە، نەمانتوانیوە هاوکات بیر لەو چرکەساتە بکەینەوە کە تێیدا ژیاوین. نۆستالۆژیا بەرهەمی «مەوداگرتن» و «دوورکەوتنەوە»یە. ئەو شتەی لە دەستمان داوە، لەو ساتەدا ڕەنگە بە لامانەوە گرنگ نەبووبێت؛ ئەو نیگایەی کە ئەمڕۆ چێژ و ئازار لە ناخماندا دروست دەکات، نیگایەکە نەمانتوانیوە لێی تێبگەین یان وڵامدانەوە بەو نیگایەمان بە بەردەوامی دوا خستووە! ئەگەر شتێک لەبەر شتێکی دیکە لە دەست بدەین، لەو دەمەدا ڕەنگە نرخاندنی شتی لەدەستدراو زۆر کەمتر بێت لەو شتەی کە وەدەستمان هێناوە! تەنیا بە هەڵکشانی تەمەنە کە تێدەگەین بەپێچەوانەوە «لەدەستچوو» گەلێک لە «وەدەستهاتوو» گرنگتر بووە! ئەم ساتە ڕووبەری «خۆزیا»یە! ئەوەی کە ئێمە ئاوات بۆ «دووجار ژیان» دەخوازین لێرەوە دێت. «لاوێتی» ئەگەر وەدەستهێنانی چەندین دەسکەوت و قۆستنەوەی چەندین دەرفەتی دیکە بێت، لە هەمان کاتدا هاوپێناوی «لەدەستدان» و «لەکیسچوون»ی چەندین دەرفەتی دیکەیە.

«لاو چاوی دەبێت بە هێلانە»- باڵندەیەکی کۆچەری دەگەڕێتەوە بۆ هێلانەی پار بەڵام نیگای لاو ناگەڕێتەوە لای هێلانەی نیگاکانی! هەستی جوانیناسانەی چاوانی تاقیکراوەی پەیتاپەیتای ڕەگەزی بەرانبەر، بەدرێژایی تەمەنی لاوێتی وەک «بارگەخستن» و «بارگەپێچانەوە» ناگەڕێتەوە بۆ بارگەی یەکەمین! هەموو ئاوڕێک بە نیگای چاوەکانی دیکە لەبار دەبرێت؛ ئەمە «لەدەستدان»ە. «لەدەستدان» یەکێک لە هۆکارەکانی دروستبوونی نۆستالۆژیایە: «بۆچی نەگەڕامەوە؟!

## پەندی دووەم: «ئەوەی پیر لە خشتی کاڵدا دەیبینێت، لاو لە ئاوێنەشدا نایبینێت!»

پێوەندیی نیگاکان، پێوەندییەکی «ئاوێنەیی»یە، ڕەنگدانەوەیە، بەڵام «تێگەیشتن» نییە! «ئاوێنە» نواندنەوەی «خود» یان «من»ە. ئاوێنە خۆت نیشان دەداتەوە. نیگای «من» لە ئەوی دیکەدا، هەمان نیگای «ئەو»ە لە «من»دا. جەختی من لەسەر نۆستالۆژیای «ئەڤینی لاوێتی» بە مانای ئەوە نییە کە لایەنەکانی دیکەم لەبیر چووە، ئایدیاڵەکانی دیکەی سەردەمی لاوێتیی ئێمە، وەک قارەمانی ژیان، نەخشەکانی داهاتووش دەگرنەوە؛ سەرکەوتنەکان لە بواری خوێندن، باری دارایی، هێزی جەستەیی هەموو ئەمانە بەتێکڕا بەشێک لە ئاوات و ئارەزووەکانن کە دەکرێ لە هەموو قۆناخەکانی دیکەی تەمەنیشدا وەک ئاوات و ئارەزوو بمێننەوە؛ بەڵام ئەمانە کەمتر دەبن بە نۆستالۆژیای سەردەمی لاوێتی. هەستی جوانیناسانەی قارەمانی ئەڤین وەک سەرچەشنێکی خوازراو بۆ ئەوی دیکە کە دەبێ وەدەستی بهێنم، «ئاوێنە»کەی منە کە دەبێ خۆمی تێدا ببینمەوە! ئەمە بۆ هەموو لاوێک ڕەنگە گرنگ نەبێت. بەڵام لاوانی ئایدیالیست ئەم بەشە لە یادگەیان لەوانی دیکە بەهێزترە. دروستکردنی ئایدیاڵێک لە ئەوی دیکە واتە «دڵبەر» یان «یار» جۆرێکە لە «هاوپێناوی»؛ «من» دەمهەوێت لە ڕێگەی بەئایدیاڵکردنی ئەڤینی ڕەگەزی بەرانبەر، ببم بە «قارەمانی سەرلەپێناوی ئەو». بەم شێوەیە «ئەو» لەگەڵ ئەوەی ئامانجێکە، بەڵام ئامانجەکانی دیکە و «بەختەوەری» بە «ئەو»ەوە دێنە دی. «من» دەبم بە قارەمانی ئەو، «من» هەمان هێزم، هەمان سێبەرم، هەمان پاڵپشتم. ئەم «من»ە لە ڕێگەی «لەخۆبوردوویی»ەوە هەستی «خۆپەرستی»یەکەی تێر دەکات یان «خۆپەرستیی» خۆی بە «لەخۆبوردوویی» دادەپۆشێت! بەهەرحاڵ ئەم ڕوانگە سارتەرییە، کە لەخۆبوردوویی هەمان خۆپەرستییە، چەندان بەر دڵی من ناکەوێت و حەز دەکەم لەجێی ئەوە «خۆڤیانی» (واتە خۆشویستنی خۆ) بەکار بهێنم تا بتوانم «لەخۆبوردوویی» نەخەمە خانەی «خۆپەرستی»یەوە کە لە ڕاستیدا قوربانیدانی «من» لە ئەڤیندا جۆرێکە لە خۆسڕینەوە و بڕوا ناکەم «خۆسڕینەوە» هەمان «خۆپەرستی» بێت؛ بەڵکو لەو بڕوایەدام «بەقارەمانبوون» لەم نێوەدا سەلماندنی «خود»ە

بۆ «ئەوی دیکە» تا ئەو «بەئاوێنەبوونی ئەڤین»ە کە «چاو»ە و دەبێت بە «هێلانە»، بێتە دی!

«خشتی کاڵ» دەپێژرێت، نیگای پیری بەئەزموون پێشتر لە واتای «پێژران» کە هەمان «ئەزموون»ە تێدەگات! خشتی کاڵ سیمای «من» نیشان نادات، من ئەو و داهاتووی ئەو لە «کووره»دا کاتێک «دەپێژرێت» دەبینم. «خشتی کاڵ» ئێستای «من» نییە تا لە «ئاوێنە»دا وەک خۆم نیشانم بداتەوە. پیر نایهەوێ نیگاکانی خۆی لە «خشتی کاڵ»دا ببینێ، بەڵکو دەیهەوێت داهاتووەکەی ببینێت. «پیری»، قژ و شانە و ئاوێنە نییە!

نۆستالۆژیا لە پیریدا بەسۆزترە، بەڵام «پیری» پاش خۆی هیچ شتێک ناهێڵێتەوە تا ببێت بە نۆستالۆژیا! کەسێک کە «خشتی کاڵ» بخوێنێتەوە، خشتێکی پێژراو بەجێدەهێڵێت! لە پاش «پیری» مەرگ هەیە، بۆیە «پیری» شتێک بۆ ئەوانی دیکە بەجێدەهێڵێت، نابێت بە «بیرەوەری»؛ بارگەپێچانەوەیە و وەبیرهێنانەوەی «منداڵی» و «تازەلاوی» و «لاوێتی» و «بەتەمەنی»یە. «پیری» گەڕانە بە دوای وڵامی هەردووک پرسیاری «چیم کرد؟» و «چیم نەکرد؟»

لە مەرگی ناوەخت دەترسین، لە جوانەمەرگی دەترسین، لە ژاکانی ئاوات و ئارەزوو دەترسین؛ هەموو ئەمانە چێژ و دڵەڕاوکێ و خورپە و ترس و خەم و پەژارە و شادی لە زەیندا کەڵەکە دەکەن!

پیری پشتەسەرنان و تێدامانەوەیە! خۆزیا و بریایەکە کە دەرفەتی قەرەبووکردنەوەی نەماوە! لەم کۆتاییەدا تا مەرگ، کەڵەکەبوونی نۆستالۆژیا پێ بەپێی ئەزموون، گەنجی سەربەمۆری ئەدەبیاتە؛ هەڵبەت بۆ کەسێک کە «ئەزموونی پێوەژیو» و خولیای بەتین و زمانی دەربڕینی بەپێزی هەبێت!

# ژێردەستەیی و
# داگیرکراوی

# ژێردەستەیی و داگیرکراوی

بونیانی کیبر و سەرکەشییە تاقی خوسرەوی

دانانی زوڵم و ڕووڕەشییە تەختی ئابنووس (نالی)

بە لای «سپارتاکۆس»ەوە شکۆی ڕۆما هیچ نرخێکی نییە! تەلار و کۆشکەکانی، لژیۆنە بەهێزەکان و «کلۆسیۆم» و «شەڕی گلادیاتۆرەکان» لە ڕوانگەی ئەوەوە هەر هەموویان کەلەپچەن. بۆ مرۆڤی ژێردەستە کە خولیای ئازادیی هەیە، ژیان لە پاش «ڕزگاری» مانای هەیە. جۆرێک لە «هەڵپەساردن» لە ناخی مرۆڤی ژێردەستەدا چەکەرە دەکات کە تا گەیشتن بە ئاسۆکانی داهاتووی «ئازادی» بەردەوامە. ئەم «هەڵپەساردن»ە، هەڵپەساردنی خاوەنداریتییە؛ خاوەنداریتیی جوگرافیا بۆ ژێردەستەکان ئاوات و ئارەزووە. «جوگرافیا» فەزای جەستە و فەزای ڕۆحە. جوگرافیا، پانتایی «کار» و «ژیان»ە. ڕووبەرێک کە تێیدا دەژین ناوی «نیشتمان»ی لێدەنێین. نۆستالۆژیای «نیشتمانی مێژوویی» دەستگیرۆیی ڕۆحی مرۆڤی ژێردەستە دەکات؛ ئەم نیشتمانە لە چەمکی «خاک» واوەترە. نیشتمان جوگرافیایە و پتر لەوەش بۆ «ئۆدیسە»ی هەڵوەدا تاکە هیوای گەڕانەوەیە! ژێردەستە وەک «ونبوو» کە دەبێ ڕێگەی خۆی بەرەو خاکێک بدۆزێتەوە کە تێیدا هەست بە سەقامی جەستە و ڕۆح دەکات بەشێوەی «کارتێکەر» و «کارتێکراو» شکۆی لەدەستچووی لە نیشتمانی مێژووییدا دەبینێتەوە کە هەمان ئێستا و داهاتوویەتی. ژێردەستە یان داگیرکراوی خودئاگای هۆشیار ژیانێکی هەڵپەسێردراوی هەیە. گرنگیی جوگرافیا تەنیا لەوەدا نییە کە وەک خاکێک تێیدا نیشتەجێین، جوگرافیا لەبەر ئەوەی دەفری مێژووە دەبێت بە نیشتمان. چونکە «نیشتمان» یادەوەری و یادگەیە. پێوەندیی نێوان «یادگە» و «مێژوو»، لە «کاتمەندی»دا دەردەکەوێت. داگیرکراوان و ژێردەستەکان لەبەر ئەوەی لە کاری خۆوڵاتییانەی خۆیان بێبەش کراون، کە وابوو لە کاتی خۆیشیان دادەبڕدرێن. «هۆشیاری» ڕۆژژمێری «کار»ە؛ کار لە بەرفراوانترین مانای خۆیدا. لەم واتایەدا «بیرکردنەوە» وەک «کار» و کار وەک «کێڵانی کێڵگە» کە «بیرەوەریی خاک» لە زەینەدا زیندوو دەکاتەوە، هەرکە داگیر دەکرێت «یادگە» وەک تۆماری مێژوو ڕادەگرێت!

«ڕاگیرانی یادگە» سەرەتایەکە بۆ ئەوەی بەرەنگاریی ژێردەستە تێک بشکێنرێت.

## مەبەست لە ڕاگیرانی یادگە چییە؟

«گێڕانەوە» و «یادگە» پێوەندییان بە یەکدییەوە هەیە. «گێڕانەوە» وەک ڕووبەری بیرلێکراوە کە «ڕووادان» تێیدا توخمی سەرەکییە، ڕووبەری بەرفراوانی «زمان»ە. ئەگەر هێرمێنۆتیکییانە بدوێین، «تێگەیشتن» وەک بابەتێکی مێژوویی - بەگوێرەی هێرمێنۆتیکای گادامێر - لە «گێڕانەوە»دا دەردەکەوێت. «ڕاگیرانی یادگە» بەرەنجامی ڕاوەستانی «گێڕانەوە»یە. «ڕووادان» لە «کات»دا دەخوڵقێت و گێڕانەوە لە زماندا ڕوودەدات. «بیرکردنەوە» لە زماندا لە پاش «ڕووادان» دێتە کایەوە و ڕابردوو ئەگەر گۆڕەپانی «یادگە» بێت، مێژوو بەرهەم دەهێنێت کە دەبێت بە «تێگەیشتن». ڕابردوویەک کە نەبێتە مایەی بیرکردنەوە، لە یادگەدا تۆمار ناکرێت، بەڵکو تەنیا ڕادەبوورێت و نابێت بە مێژوو. هەم گادامێر و هەم هایدگەر جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە «تێگەیشتن بابەتێکی مێژووییە». هەر بۆیە «کاتمەندی» ڕەوشێکە کە بە بێ ئەوە «تێگەیشتن» نایەتە بەرهەم. چونکە «ڕووادان» مەودایەک دروست دەکات کە ئەم مەودایە بە یارمەتیی زمان «گێڕانەوە» بەرهەم دەهێنێت و هەموو تێگەیشتنێک لە پاش بیرکردنەوە کە پابەندی هەبوونی مەوداکانی کات و تێپەڕینە، دەڕەخسێت. ڕابردوو، ڕووبەری بیرلێکراوەیە، ئەو ڕووبەرەی کە تێیدا بیر لە دۆخەکانی «هەبوون» دەکرێتەوە. «ناسنامە»ش وەک بیرکردنەوە لە دۆخی «هەبوون» دەچێتەوە سەر خوانی ڕابردوو کە «گێڕانەوە» ڕێکی دەخات و لە «یادگە»دا دەیچەسپێنێت. مرۆڤ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دۆخی «هەبوون»ەیە کە دەتوانێت لە ئاستێکی بەرزتری بیرکردنەوە، کە هەمان بیرکردنەوەی فەلسەفییە، لە «بوون» ڕابمێنێت. واتە مرۆڤ چرکەساتێکە کە لە کاتی بێبنەتایی (لایتناهی) ڕادەمێنێت!

نەتەوەی ژێردەستە کاتێک «گێڕانەوە»کەی لەبار دەبرێت، بە بڕوای من «یادگە»یشی ڕادەگیرێت یان هەڵدەپەسێردرێت. سیاسەتی قەدەخەکردنی «زمان» و «مێژوو»ی نەتەوەیەک لەپێناو نەهێشتنی «گێڕانەوە»یە. کەمترین سوودێک کە «گێڕانەوە» هەیبێت ئەوەیە کە دەبێتە هۆی گوێزرانەوەی نۆستالۆژیای پێشینان. نۆستالۆژیایەک کە ناڕاستەوخۆ لە بیچمگرتنی یادگەی مێژوویی ئێمەدا کاریگەریی هەیە، هەڵبەت کاریگەرییەکەی ڕۆمانتیکییە؛ ڕۆمانتیسیزمێک کە بۆ هاوسۆزی و هۆگریی جڤاکی نەتەوەیی پێویستە بەڵام بەس نییە!

نۆستالۆژیای نەتەوەیەک، نۆستالۆژیای جڤاکێکە؛ نۆستالۆژیای تاکەکی(فردی) لە ڕووبەری ژیانی کەسیدا هەندێ ئەزموونی دیاریکراون کە ڕەنگە بۆ تاکێکی دیکە دووبارە نەبنەوە. لە هەمان کاتدا هەندێ نۆستالۆژیایش هەن کە پێوەندیی بە «جڤاک»ەوە هەیە کە تاکەکانی جڤاکیش تێیدا هاوبەشن. «گێڕانەوە»، نەزیلە یان هەقایەت یان چیرۆکێکە کە سەربوردەی

تاک نییە، تەنانەت ئەگەر تەوەرەکەیشی تاکێکی دیاریکراو بێت. ئەگەر «گێڕانەوە» وەک تووناوتوونی «کەسایەتی» و «فەرهەنگ» لەبەرچاو بگرین کە لە زماندا دەردەکەوێت - کە دیارە ڕەنگە وەک زێدەپەسن(مبالغە) بێتە بەرچاو - بەسەرهاتی کەسێکیش، بەسەرهاتی کەسایەتییەکە لە فەرهەنگێکدا؛ کەسایەتییەک لە فەرهەنگێکدا ئیدی کەسێک نییە لەو فەرهەنگەدا، بەڵکو جڤاکێکی فەرهەنگییە لەو کەسەدا. ئەوەی کە «گێڕانەوە» دەتوانێت نۆستالۆژیای بەکۆمەڵ دروست بکات ڕەنگە لێرەوە سەرچاوە بگرێت. چونکە ئەوەی لە گێڕانەوەدا ڕەنگ دەداتەوە بوونەوەرێکی کولتوورییە. بیروەریی تاڵی مرۆڤێکی کورد لە «ئەنفال»دا بیرەوەریی کەسێکی دابڕاو نییە. ئەوە ئەزموونی مرۆڤێکی هاوناسنامەیە کە سەرەڕای مرۆڤبوونەکەی، ئەندامی نەتەوەیەکیشە. ئەم ئەندامەتییە دڵخوازانە نییە و وازهێنان لەم ئەندامەتییە ناتکا بە ئەندامی نەتەوەیەکی دیکە، هەڵبەت ڕەنگە بتوانی ببی بە ئەندامی جڤاکێکی دیکە!

لێرەوە «گێڕانەوە»ی چیرۆکێکی ئەنفال، چیرۆکی هاوناسنامەیەکە، هاوناسنامەیەک کە بەتەماین لەگەڵیدا هۆگر و هاوسۆز بین. ڕەنگە بتوانم بڵێم، «گێڕانەوە» یەکێک لە توخمەکانی دروستبوونی هەموو نۆستالۆژیایەکە کە دەبێتە مایەی «وەبیرهێنانەوە» و وەبیرهێنانەوە چەسپاندنی یادگەیە!

«ڕاگیرانی یادگە»، ڕاوەستانی یادگە نییە؛ پچڕپچڕ بوونە. «یادگە» کەڵەکەکردن و پۆلێنکردنە، لەپێناو وەبیرهێنانەوەدا. لە «یادگە»دا مۆنتاژکردن نییە. لە ڕاستیدا من لە بەکارهێنانی وشەی «مۆنتاژ» دەسڵەمێمەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا هەبوونی تایبەتمەندییەکی نزیک لە «مۆنتاژ» بۆ «یادگە» بە نالۆژیکی نازانم. ئەوەی کە وام لێدەکات زاراوەی «مۆنتاژ» بەکار نەهێنم، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی «یادگە»یە کە لەبیربردنەوە یان فەرامۆشکردن وەک تەکنیکی بەرگەگرتنی ئازار و خەم و پەژارە بەکار دەهێنێت. بۆیە دەتوانین «سانسۆر» لەجێی «مۆنتاژ» بەکار بهێنین؛ هەرچەند دەزانم لە وەسەریەکنان یان مۆنتاژیشدا «هەڵبژاردن» و «سڕینەوە» هەیە؛ بۆیە سڵەمینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەها ناولێنانێک هەندێ کێشە و ئاریشە دروست دەکات کە ڕەنگە من نەتوانم پێشبینییان بکەم. بەڵام ناتوانین «لەبیرچوونەوە» وەک تەکنیک لەقەڵەم بدەین. چونکە «لەبیرچوونەوە» لە «یادگە» دەقەومێت و «لەبیربردنەوە» کارێکە کە یادگە خۆی دەیکات.

ئەگەر «گێڕانەوە» بە دەمەزەردکردنەوەی «یادگە» بزانین، دەشتوانین «گێڕانەوە» بە بەرەنجامی «ئەزموونی پێوەژیو» لەقەڵەم بدەین. لەم ڕێگەوە دەتوانین «ناسنامە» بە بەرەنجامی «هەبوون لە مێژوودا» بزانین. ئەوەی کە ئێمەی مرۆڤ، بوونەوەرێکی مێژووییین

بە بیرەوەرییەکەوە بەندە کە مێژوو لەبارەی پێشینانی ئێمەوە دەیگێڕێتەوە. «ناسنامە» لەگەڵ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دابڕاو لە مێژوو نییە. چونکە «فراژووتن (تطور، تکامل) دیاردەیەکی کاتمەندە و لە کاتدا ڕوودەدات. بوونەوەری فراژووبوو لە پرۆسەی «فراژووتن»دا گەشە دەکات و پێدەگات. تاکە بوونەوەرێکی «فراژووبوو» کە ڕەوتی فراژووبوونی خۆی تۆمار دەکات، مرۆڤە. ئێمە لەبەر هەبوونی «یادگە» ڕابردوومان بە لاوە گرنگە، چونکە وەبیرهێنانەوەی ڕووداو یان «هەبوون لە مێژوودا» مێژوویبوونی ئێمە و چۆنیەتیی هەبوونی ئێمە لە مێژوودا ڕوون دەکاتەوە کە دەبێت بە بەشێک لە ناسنامەی ئێمە. دێرینیی هەبوونی جڤاکێکی فەرهەنگی، «خایاندن» وەبیر ئێمە دەهێنێتەوە. ئەو ناسنامەیە بە زمانێکی دێرین دەگێڕدرێتەوە، زمانێک کە جوگرافیای جڤاکێکی فەرهەنگی دەخاتە نێو پرۆسەیەکی «ناولێنان»ەوە. هەر «ناوێک» بیرەوەرییەکە، «خایاندن» و درێژبوونەوەیەکە. ئەو «ناو»ە پەرێزێکە بۆ فەرهەنگی مرۆڤێک کە سروشتێکی نائاشنا، ئاشنا دەکاتەوە. واتە دەیکات بە «ژینگە» و پاشان دەیکات بە «نیشتمان». «خاک» لە ڕێگەی «زمان»ەوە واتایەکی فەرهەنگی پەیدا دەکات کە دەتوانێت بەشێکی فراوانی نۆستالۆژیای تاک و کۆمەڵ بەرهەڤ بکات.

بۆ دروستبوونی نۆستالۆژیایەکی مێژوویی و سیاسی سێ توخمی سەرەکی ڕوودەدەن:

١- جوگرافیایەکی مێژوویی - سیاسی

٢– قارەمان یان قارەمانانی پارێزەری نیشتمان

٣- گێڕانەوەیەکی یەکجۆر کە بە بەردەوامی پاتەوپات دەکرێتەوە. وەک سەرگورشتە و ئەفسانە و ئوستوورە و ... هتد.

ماد، دیاکۆ و کیاکسار؛ ئەمانە بۆ ئێمەی کورد واتای «هەبوون لە مێژوودا» دەسەلمێنن. «مێژوو» هەتا دوورتر بێت، بەڵگەکانی کەمتر دەبنەوە، بەڵام سەرنجڕاکێشتریش دەبێت! چونکە ئەفسانەییتر و ئوستوورەییتر دەبێتەوە. هەتا کاتی کەتوارەکیی مێژوویی لە بەر کەمیی بەڵگە هەڵپەسێردراوتر ببێتەوە، ڕووبەری کات ئەفسانەییتر دەبێتەوە و بەم شێوەیە «گێڕانەوە» - بە مەرجی ڕێکخستن و پاتەوپاتی بەردەوام - نۆستالۆژیکتر دەبێتەوە. ئەم نۆستالۆژییە بەرهەمی تەمەنی تاکەکەسێک نییە. گوێزرانەوەی سەرگورشتەی پێشینانمانە کە دەبێ ئەوەندە پاتەوپات ببێتەوە تا «بانمێژوو»یەک تەدارەک بدات و زەین خووی پێوە بگرێت! هەڵبەت لێرە مەبەستمان «برواپێکردن» نییە؛ بەڵکو دروستکردنی فانتازیایە! ئەم جۆرە گێڕانەوەیە ڕەنگە مێژوویەکی ڕاستەقینە نەبێت، بەڵام هاوتەریبی مێژووە! وەک چیرۆکی

«کاوەی ئاسنگەر» و «زەحاک». کە وابوو: هەندێ جار نۆستالۆژیایەکی «ڕوودراو» هەیە کە بەرهەمی ئەزموونی کەسی و بەکۆمەڵە؛ جاروباریش نۆستالۆژیایەک هەیە کە دروستکراو و مێژووکردە، پێوەندیی بە ڕاگوێزانەوە هەیە. ڕاگوێزان یان ڕاکێشانی پێشینانی دوور کە دەمانهەوێت بۆ نێو ئاسۆی فەرهەنگیی ئێستای خۆمان بیانگوازینەوە و لەگەڵ ئەزموونی پێوەژیوی خۆمان تێکهەڵکێشیان بکەین. ئەمە کارێکە کە - سەرەڕای کەتوار - «گێڕانەوە» جێبەجێی دەکات.

## مەبەست لەم کارە چییە؟

هەروەک گوتمان «یادگە» لە «گێڕانەوە»دا فرچک دەگرێت. گێڕانەوە بە لای پۆل ڕیکۆرەوە ئەوەندە گرنگە کە دەڵێ: «مێژوو بریتییە لە کۆمەڵێک هەقایەت کە حەز دەکەن زانست بن». مەبەستی ڕیکۆر گاڵتەکردن بە مێژوو نییە، بەڵکو مەبەستی نیشاندانی گرنگیی «هەقایەت» وەک چەشنێکی «گێڕانەوە»یە.

وا باوە کە لە باسوخواسی نەتەوایەتی و ناسیونالیزمدا زاراوەی «نەتەوەسازی» بەبەردەوامی بەکار دەهێنرێت. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین «نەتەوەسازی» پێویستیی بە «قارەمانسازی»، «گێڕانەوەسازی» و «هاوتەریبیی ئەفسانە و مێژوو» هەیە.

«قارەمان» بزوێنەری مێژووە، «گێڕانەوە» سەقامگیرکردنی «یادگە»یە کە پێ بەپێی ئەوە «هاوتەریبیی ئەفسانە و مێژوو» دێتە کایەوە. هیچ ڕووداوێکی مێژوویی بەو شێوەیە ڕووی نەداوە کە دەگێڕدرێتەوە!

لە چیرۆکێکی ڕیالیستی لەبارەی «قارەمان»ێکەوە «کات» چڕ دەبێتەوە، ڕووداوەکان هەڵدەبژێردرێن، چەقی سەرنج دەخرێتە سەر «قارەمان»، دەوروبەر و ژینگە لە زمانێکی ئەمرۆیی و ئەفسانەیەکی لایەنگرانەدا تێکەڵ دەبن. «ناپلیۆن بە سواری ئەسپەوە»: واتای ئەم دەربڕینە لە ئاخنەیدا ڕەنگە بۆ کەسێکی فەرەنسی بە واتای کڕنۆشی مێژوو بۆ قارەمان بێت. ڕەنگە لای هیگڵ مەبەستەکە پێویستیی مێژوو بە قارەمان بێت! ڕوانگەی کابرای فەرەنسی هەستێکی سەربڵیندانەیە کە «قارەمان»ەکەی خۆی سواری ئەسپی مێژوو دەکات. «ناپلیۆن» دەبێتە قارەمانی مێژوو!

شەڕی گێڕانەوەکان، شەڕی نۆستالۆژیاکان دروست دەکات. نەتەوەی ژێردەستە تا ئەو کاتەی بتوانێت بەشداری «شەڕی گێڕانەوەکان» بێت لەبەرانبەر نەتەوەی سەردەست

بەرەنگاری دەنوێنێت.

هەوڵی نەتەوەی سەردەست ئەوەیە نۆستالۆژیای خۆی بە سەر نۆستالۆژیای نەتەوەی بندەستدا بسەپێنێت. «هاوبەشێتیی فەرهەنگی» یەکێک لەو زاراوانەیە کە چەشنی تەکنیک بۆ لابردنی لەمپەری یادگەی نەتەوەی بندەست بەکار دەهێنرێت. ئەوەی دەبێتە هۆی تواندنەوەی ناسنامەکان «جیاوازی» نییە، بەڵکو «لێکچوون»ە. بە بڕوای من ئەوەی دەبێتە هۆی توانەوەی نەتەوەکان، «خاڵی هاوبەش»ە. نەتەوەی سەردەست لە جوگرافیایەکدا کە داگیری کردووە، دەیهەوێت سەرەتایەکی مێژوویی بۆ جوگرافیاکەی دروست بکات. دروستکردنی «گێڕانەوە»یەک بۆ دەسپێکی ژیارێکی ساختە سەرەتایەکی گونجاوە. دۆزینەوەی ناوێکی «مێژوویی» بۆ ڕاکێشانی سۆزی نەتەوەی ژێردەستە کاریگەریی خۆی هەیە. بەکارهێنانی چەمکی یەکسانی بۆ گەلی بندەست و دروشمی برایەتیی گەلان، داهێنراوی دەستی نەتەوەی باندەستە نەک بندەست. دروستکردنی خاڵی هاوبەش بۆ ئەوە نییە کە دوو نەتەوە بە پێگەی یەکسان بگەن. بۆ ئەوەی «بێگانە» ببێت بە «ئاشنا»! پەنابردن بۆ «ڕەسەنایەتی» ختووکەی دڵی گەلانی مێژوویی دەدات. وروووژاندنی «ڕەسەنایەتی» نۆستالۆژیایەکی فریودەر دەئافرێنێت کە نەتەوەی سەردەست، ژێردەست لە خشتە دەبات! جێگۆڕکێی وشەکان میکانیزمێکی مەترسیدارە. بەکارهێنانی دەستەواژەی «کۆنترین نەتەوە» لەجێی «نەتەوەی مێژوویی» یەکێک لەم چاوبەستانەیە. بۆ ئەوەی کە «نەتەوەیەکی مێژوویی» بیت، دەبێ «دێرین» بیت؛ بەڵام «کۆنبوون» بە مانای «هەبوونی مێژوو» نییە. لە مێژووییبووندا هەندێ تایبەتمەندی هەن کە لە «کۆنی»دا نین. «مێژینەیی» کاتمەندییە؛ تەنیا کاتمەندی نییە بەڵکو شوێنکاتیشە. یاریکردن بەم وشانە کە هاوسۆزییەکی فریودەرانە دروست دەکەن، میکانیزمی تەڵقینکردنی هاوبەشێتییەکی فەرهەنگیی ساختەن کە ژێردەستەکان لە خشتە دەبات. داننان بە «مێژوومەندی» واتە داننان بە خاڵێکی دەسپێک لە مێژوودا. خاڵێک کە «من» لەوێوە دێمە نێو مێژووەوە. با نموونەیەک بهێنینەوە:

بە سەرهەڵدانی «دەوڵەت - نەتەوە»ی ئێرانی، هەمیشە گوتراوە «کورد» کۆنترین و ڕەسەنترین گەلی جوگرافیای مێژوویی ئێرانە!

بە داننان بە «کۆنترین» و «ڕەسەنترین»، «مێژووییبوونی کورد» بە فەرمی نەناسێنراوە. دەسپێکی مێژووی ئەو وڵاتەی کە ناوی «ئێران»ی لێنرا، بە دەوڵەتی «ماد» دەست پێناکات، زیاتر لە ١٥٠ ساڵی مێژووی ئێران لە وانەی مێژوودا وەک سەرەتایەکی کرچوکاڵ و چەشنی میرنشین و جۆرێک دەسەڵاتی ناوچەیی باس دەکرێت. سەرەتای مێژووی سیاسیی ئەم وڵاتە مێژووییە، بە «هەخامنشییەکان» (ئەخمینییەکان) دەست پێدەکات. مەبەست

ئەوەیە کە کورد لە «ژیار» بێبەش بکەن. بۆیە دەگوترێت: «کوردەکان بەشدارییان کردووە» بەڵام وشەی «هاوبەشی» بەکار ناهێنن. بەشێوەیەکی زارەکی بۆ ڕاکێشانی سۆزی کورد، جاروبار «هاوبەشی» بەکار دەهێنن، بەڵام بە نووسراو ئەم وشەیە هیچکات بەکار نەهاتووە!

ئەم گێڕانەوە مێژووییە، لە قوتابخانەوە تا خوێندنی باڵا پاتەوپات دەبێتەوە. منداڵێکی کورد دەبێ لەگەڵ ئەم «گێڕانەوە»یەدا چەنگەوباز ببێت. هاوکات ڕاگەیاندن و دیکۆمێنتاریی مێژوویی و توێژینەوەی کەڵەکەکراوی توێژەرانی نەتەوەی سەردەست لە برەودان بەم «گێڕانەوە»یە دەرفەت بە ژێردەستە نادەن بیر بکاتەوە! هاوکات پەنابردن بۆ «ئەفسانە و شانامەکان» هاوتەریبی مێژووسازی «پێش مێژوو»یەک دروست دەکەن. بەم «پێش مێژوو»یە «بەدەرکاتی» و «کاتمەندی» لە تەنیشت یەکەوە دادەنێن، هەرچەند تێکەڵی مێژووی ناکەن، بەڵام بەڕادەی مێژوو گرنگیی پێدەدەن؛ بۆ نموونە: شانامەی فیردەوسی.

هەنگاوەکانی سڕینەوە:

١. هەنگاوی یەکەمی جێگۆڕکێی یادگەی مێژوویی گەلی بندەست، بە دەسکاریی گێڕانەوە و سڕینەوەی سەرەتا مێژووییەکان و شاردنەوەی سەرچاوەکانی تێکبەستی مێژوو و ژیانی فەرهەنگیی ژێردەستەکان دەست پێدەکات.

٢. فرێدانە دەرەوەی مێژوو و پەراوێزخستن و قەدەغەکردنی زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراوی گەلی ژێردەستە و شاردنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکان یان چەواشە کردنیان.

٣- شێواندنی سیمای قارەمانان و شۆڕشگێڕان بەوەی کە گوایە نۆکەری دوژمنان و کۆڵۆنیالیزم بوون و بە فیتی ئەوان هەڵسوکەوتیان کردووە؛ واتە دابڕاندنی قارەمان لە کۆمەڵگەی خۆوڵاتی و فەرهەنگی نەتەوەی داگیرکراو. ئەم کارە لەبارەی ڕێبەرانی سیاسیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کراوە. لەبارەی «شێخ سەعیدی پیران»، «سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ)»، قازی محەممەد و ...هتد بەشێوەیەکی سیستماتیک ئەم سیاسەتە پەیڕەو کراوە. بۆ نموونە تاوانی هەموویان «خستنە مەترسیی یەکپارچەیی خاکی وڵات» بووە. ئەمە تاوانێکە لە بواری «ئاسایشی نەتەوەیی وڵات» کە ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات مافخوازی و داواکاریی نەتەوەی ژێردەستە پشتگوێ بخرێت. ئەم تاوانە سەرەتایەکە بۆ «گفتوگۆنەکردن». بەم بیانووە «داگیرکەر» دانوستان لەگەڵ «جیاییخوازان» ڕەت دەکاتەوە و «ئاشتی» یەک

دەخات. بەم شێوەیە «دۆخی ئاوارتە» بەردەوام دەبێت.

٤- سووکایەتیپێکردن و سووکساری:

بۆ سڕینەوەی نۆستالۆژیای خۆیی و سەپاندنی نۆستالۆژیای بێگانە، دەبێ «شێوەی ژیان»ی نەتەوەی ژێردەستە سووک بکەیت. «شێوەی ژیان»، بریتییە لەو ژیانەی کە لە ئاسۆی فەرهەنگی کۆمەڵایەتیدا پەیڕەو دەکرێت؛ سیستمی خۆراک، دابودەستوور، سیمای دینداری و باری ڕۆحی و پووچەڵان (خرافه) و پێوەندیی خزمایەتی و جڤاکی و ... هتد. هێزی سووکساری(حقارت) لەوەدایە کە لە نێوەوە «کەسایەتیی فەرهەنگی» دەڕووخێنێت. هەستکردن بە سووکی و خۆبەکەمزانی وردە وردە هەستی «شانازی» کاڵ دەکاتەوە. پەلاماردانی سیمبۆلەکان، کەسایەتییەکان، زمان، دابونەریت، جلوبەرگ و تەنانەت گاڵتەکردن بە سیستمی خۆراک، هەموو ئەو ژیانەی کە بردوومانەتەسەر بە بێسوود و گاڵتەجاڕانە لەقەڵەم دەدات و وردە وردە نرخی بیرەوەرییەکانمان کە پەیوەستە بە ژینگەکەمانەوە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. دروستکردنی نوکتە و زاڵکردنی ڕۆحی تەنز، وامان لێدەکات هیچ شتێک بە ڕژدی وەرنەگرین. دەسبردن بۆ هەموو ڕووبەر و پانتاییەکی پیرۆز و ڕووشاندنی کەرامەتی خۆت بە زمانی «تەنز» بە ناوی «ڕەخنە»وە لە باری دەروونناسانەوە ئامانجی تەکنیکێکە کە دەتوانین بە «خۆوێرانکردن» ناودێری بکەین. تراژێدیایەک کە بە کۆمێدیا دەرببردرێت، زۆر مەترسیدارترە لە کۆمێدیایەک کە بە تراژێدیا دەردەبردرێت. چونکە تراژێدیا دیوێکی دیکەی کۆمێدیایە، بەڵام کۆمێدیا دیوێکی دیکەی تراژێدیا نییە!

کەسێک کە دەڵێ: «ئەی وەتەن مەفتوونی تۆ نیم و نامهەوێت شێوەتم بیر بکەوێتەوە...» تووشی «خۆوێرانکردن» بووە!

«خۆوێرانکردن» دوایین ئامانجی هەموو داگیرکاری و کۆڵۆنیالیزمێکە. داگیرکردنی ڕۆحی ژێردەستەکان و بەکۆیلەکردنیان و فڕێدانی نۆستالۆژیای خۆیی و هەڵگرتنەوەی نۆستالۆژیای داگیرکەر، دوایین وێستگەی تواندنەوەیە. سڕینەوەی «شێوەی ژیانی جڤاکی و فەرهەنگی» دەبێتە هۆی سڕینەوەی نۆستالۆژیای خۆیی. ئەگەر واز لە «شێوەی ژیان»مان بهێنین، وەک ئەوەیە وازمان لە میراتێک هێنابێت کە بۆمان گوازراوەتەوە. وازهێنان لە «چێشت و شێوازی چێشلێنان» وازهێنان لە چێژی ئەزموونکراوی خۆراکێکە کە لانیکەم لە ئەدەبی فۆلکلۆردا ڕەنگی داوەتەوە. شێوەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک، بەشێکە لە چەشەی هونەریی ئێمە. «خۆراک» لە خاک و ئاژەڵەوە دەگوازرێتەوە؛ لە پێڤاژۆیەکی بەرهەمهێناندا بە تەکنیکەکانی «پوختەکردن» ئامادە دەکرێت، دەست و زەین لەگەڵیدا ڕادێن، لە هەرەوەزدا وەبیر دەهێنرێتەوە و لە گۆرانیدا ڕەنگ دەداتەوە!

گاڵتە بە زمان و شێوەزار، گاڵتە بە جلوبەرگ، گاڵتە بە ڕەنگی پێست و سەروسیما و شێوازەکانی هەڵسوکەوت، گاڵتەکردن بە لادێیبوون، شەڕەجنێوی گوندی و شاری، گاڵتەکردن بە پیشەکان، گاڵتەکردن بە ئەدەبیات، گاڵتەکردن بە زەماوەند و هەڵپەڕکێ و سەیران و شێوازەکانی دەربڕینی شادی و ... هتد، تەکنیکەکانی «خۆوێرانکردن»ن کە دەبێ بە زمانی تەنز و نوکتەبازی دەربڕدرێن. «نوکتەبازی» و «تەنز» لە نیگای ئەهریمەنیی کابرای وردبینەوە سەرهەڵدەدەن و بە هەڵەشەیی دەکەونە سەر زاری خەڵک. «پێکەنین» ڕۆحی بەرەنگاربوونەوە دەکوژێت، لەبەر چێژێکی گەمژانە کە هەیەتی «خودئاگا» سڕ دەکات و بۆ خۆشرابواردن پاتەوپات دەبێتەوە! تەنیا پاش بیرکردنەوەیەکی زۆرە کە دەتوانین لەو ژەهری سووکایەتییە تێبگەین کە بە «پێکەنین» دەردەبڕدرێت! نوکتەدروستکردن(جۆک) لەسەر گەلان - بەشێوەیەکی نەخشەبۆکێشراو - بۆ ئەوەیە کە «ژێردەستەکان» خۆیان پاتەوپاتی بکەنەوە و بێ ئەوەی ئاگایان لێبێت پێی خۆشە بن!

دۆم و قەرەجەکان، شێتەکان، دەرۆزەکەران و کرێکاران ڕادەهێنرێن خۆیشیان بەو گەپوگاڵتە و تیتاڵییانە پێبکەنن کە بۆیان هەڵدەبەسترێت و وردە وردە ڕادێن بۆ هەڵهاتن لە چارەنووسی سەختی ژیانیان خۆیان بکەن بە بابەتی تیروتوانج و گەپوگاڵتە و بە خۆیان ڕابوێرن و ببنە مایەی ڕابواردنی کەسانی دەوروبەریان! وەک ئەوەیە کۆیلە بۆ خۆپاراستن لە قامچیی ئاغاکەی خۆی بکات بە لێبووک!

ئەم دیاردەیە، دیاردەیەکی مێژینە و لەنێو کۆمەڵگەکاندا بەشێوەی جیاواز باو بووە. بەڵام کاتێک دەکەوێتە نێو پرۆژەی سیاسەتی فەرهەنگیی نەتەوەی سەردەست لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بیستراو و بینراوەوە پەیڕەو دەکرێت. «ڕۆژنامە» گاڵتە بە «قەرەجەکان» دەکات و داوای گۆڕانی ئەو «شێوەی ژیان»ە دەکات و دەوڵەت بە تەیارکردنی «ڕای گشتی» لەنێو سنوورەکاندا نیشتەجێیان دەکات و ئەو «شێوەی ژیان»ەیان دەگۆڕێت. کێشەکە لەوەدایە پاش نیشتەجێبوون، پێشینەی «قەرەجبوون» وەک ناسنامەیەک دەبێت بە مایەی گاڵتەپێکردن و بەرەبەرە خاوەن ناسنامە بەوە قایل دەبێت ئەو ناسنامەیە فڕێ بدات و خۆی ببێت بە کابرایەکی ڕقئەستوور بەرانبەر بە «قەرەجەکان». وەک ئەو کوردەی کە لەبەر گرێی خۆبەکەمزانی دەبێت بە «تورک»، «عەرەب» یان «فارس»ێکی فاشیست و داوای قەدەغەکردنی زمانی خۆی دەکات! هەر کاتێک «زۆرینە»یەک لەسەر «بەها»یەک ڕێک دەکەوێت، یان «کەمینە»یەک دەرووەست بە سیستمێکی «بەهادانان» دەکات یان دەیخاتە دەرەوەی سیستمی «بەهادانان»ی خۆیەوە و بەم چەشنە «کەمینە» دوو ڕێگەی لە پێشە: یان تایبەتمەندیی خۆی دەپارێزێت، یان دەبێت بە ملکەچی زۆرینەیەک و هەندێ جار لە زۆرینەکەیش پەڕگیرتر دەبێت. «خۆوێرانکردن» لێرەدا خۆداماڵینە لە ناسنامەیەک کە

لەبەر نکۆڵیی زۆرینە لەو ناسنامەیە، دەیهەوێت دانپیانانی ئەوانی دیکە وەربگرێت؛ نەک لە ڕێگەی سەلماندنی جیاوازییەکەی، بەڵکو بۆ «سەلماندنی بوون بە ئەوی دیکە». سڕینەوەی «پێشینە» کاردانەوەی ڕۆحی ملکەچە.

***

کەسێک کە دەرفەتەکانت لێدەستێنێتەوە و پاشان داوای گەشەکردنت لێدەکات، هەر ئەو کەسەیە کە دەرفەت بە گەشەی خۆی دەدات و مەودا - جیاوازیی خۆی بۆ زاڵبوون بەکار دەهێنێت. بەم مانایە کە گەشەی فەرهەنگیی ئەو دەبێتە مایەی بەهێزبوونی وێژمانی (دیسکۆرس) ئەو و بەهێزبوونی «وێژمان»ی تاکلایەنە بنبەستی دیالکتیکە. واتە ئاستی فاکتۆلۆژیی «من» بۆ سەلماندنی خۆم دادەلەنگێت. چونکە خاڵە لاوازەکانی فەرهەنگ، لە ڕەوتی گەنگەشەدا دەبنە مایەی بەخۆداشکانەوە کە سەرچاوەکەی لە نەمانی فاکت و بەڵگەدایە. «لاڵبوون» لە گفتوگۆدا دەبێتە هۆی «بێدەنگی» و بێدەنگی ڕێگە بە «باڵادەستی» دەدات.

ئەگەر «لاڵبوون» ببێتە مایەی کاردانەوەی شێتانە و تێکدان، وێنای فەرهەنگیی دەمارگیرانە و سەرەتایی بەسەرتدا دەسەپێنرێت؛ ئەگەریش «بێدەنگیی» لێبکەوێتەوە «دانان» بە باڵادەستیی فەرهەنگی زاڵ «بەخۆداشکانەوە»ی فەرهەنگی خۆولاتیی بەدوادا دێت. ئەمە تەڵەزگەی فەرهەنگی ژێردەستەیە کە لەبەر ئەوەی ناتوانێت زمان و فەرهەنگی خۆی ڕێک بخات، تووشی «قەیرانی وێژمان(دیسکۆرس)» دەبێت.

«خۆڕانواندن» بەو جۆرەی کە «ئەوی دیکە» دەیخوازێت، ژێردەستە ڕادەهێنێت خۆی لە «ئەوی دیکە» نزیک بکاتەوە. ئەگەر وەرگرتنی «دانپیانان»ی «ئەوی دیکە» بەوە بێت کە خۆمان بکەین بە «ئەوی دیکە»، لەو دەمەدا خۆمان دەدۆڕێنین. ئەم تەکنیکە دەروونییە کە ناچار دەکرێی بە سڕینەوەی خۆت پێگەی فەرهەنگیی «ئەوی دیکە» وەدەست بهێنیت، «خۆوێرانکردن»ە کە هیچکات ناگات بە «دانپیانان»ی ئەوی دیکە. چونکە لەو دەمەدا «خۆ»یەک نەماوە تا «ئەو» دانی پێ بنێت. «دانپیانان» بە بێ پاراستنی مەودا - جیاوازی هیچ نرخێکی نییە. کاتێک دەبی بە بەشێک لە «ئەوی دیکە» ئەو وەک بەشێک لە خۆی وەرت دەگرێت نەک «ڕکابەر» یان «هەبووی باشارگر».

«داگیرکەر» بۆ پاراستنی باڵادەستیی خۆی، لە پەنای «توندەهێز» کە بریتییە لە هێزی سەربازی و پۆلیس و دامەزراوەکانی هەواڵگری چوارچێوەی دەسەلاتی خۆی بە پشتیوانیی «دەستوور» و «یاساکان» بەگوێرەی «ئایدیۆلۆژیای سیاسیی» خۆی دەپارێزێت. لەم چوارچێوەیەدا «ئاسایشی نەتەوەیی» و «یەکپارچەیی خاکی وڵات، دەکات بە «تابۆ»یەک

به مەبەستی هێشتنەوەی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی.

«نەرمەهێز»، ئەو هێزەیە کە ڕوخساری توندوتیژی «توندەهێز» دەشارێتەوە. ڕاگەیاندن، هونەر و ئەدەبیات و تەنانەت ئەو کاڵایانەی کە لە باری جوانیناسانەوە بیرەوەرییەک دروست دەکەن و چێژێک لە مەڵاشوومان دەگێڕن، دەتوانن بەشێک لە نۆستالۆژیامان داگیر بکەن.

«هونەری نواندن»، هەر لە منداڵییەوە بەشێکە لە «یادگەی وێنەیی» ئێمە؛ ئەم یادگەیە لە زەینی منداڵدا زوو دەچەسپێت. بمانهەوێت یان نا، سیستمی سیاسی بەرنامەی خۆی بەشێوەیەک لە شێوەکان نەک تەنیا لە سیستمی پەروەردەدا بەڵکو لە «دەنگ و ڕەنگ» و میدیای خۆیدا جێ دەکاتەوە. تەنانەت دیمۆکراتترین سیستمەکانی جیهانی ئەمڕۆیش لەبارەی ڕەنگدانەوەی نێوەرۆکە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن هەڵوێستیان هەیە و حەز دەکەن سنوورداری بکەن. بۆ نموونە هەستیاریی ئەمریکا بە «تیکتۆکی» چینی!

لە ڕێژیمە تۆتالیتارەکاندا دۆخەکە زۆر جیاوازترە. دەنگ و ڕەنگی جیاواز، بواری سەرهەڵدانی نییە یان زۆر کەمە. یەک جۆر ڕوانگە دەسەپێنرێت، فۆبیای دزەکردنی زانیاری لەم سیستمانەدا لەوپەڕی خۆیدایە؛ سانسۆر وەک چاودێری نێوەرۆکی هونەر و ئەدەبیات میکانیزمێکە بۆ زاڵکردنی «وێژمان»(دیسکۆرس)ی ڕێژیمی سیاسی.

«وێنە» زیاتر لە «قسە» لە یادگەی درێژخایەندا دەمێنێتەوە؛ بەڵام پاتەوپاتی وێنە کاریگەرییەکەی کەمتر دەکاتەوە؛ بەڵام بەپێچەوانەوە «قسە» درەنگتر کاریگەری دادەنێت، بەڵام پاتەوپاتبوونەوەی «قسە» ڕەنگە هەڵکڕاندنی مانای نوێی لێبکەوێتەوە!

بەڵام کاریگەریی وێنە لە تەمەنی منداڵی و لاوێتیدا بەهێزترە: سەرەتاکانی دروستبوونی یادگە لە منداڵیدا هاوپێناوی سەرەتای «فێربوون»ە. هەر بۆیە «وێنە» بۆ «فێربوون» کاریگەرترە. بۆ نموونە وێنەی «مار» زووتر لە ڕێنووسی «مار» لە زەیندا دەچەسپێت.

«دەنگ» و «گوتە» لە «وشە» و «ڕستە»دا پەیڕەوی لە ڕێسای «وێنە» و «وێنا» دەکەن. «دەنگ» و «ڕەنگ» لە زەینی مرۆڤدا پێوەندییەکی ئاوێنەیی دروست دەکەن کە ئەم پێوەندییە دەبێتە هۆی پەیکاڵی بینراو و بیستراو، لە پرۆسەیەکی کێشکردنی وێناییدا بە «ماناکێشەکێ»(تداعی معانی) دەگات. بۆیە بە بێ «ماناکێشەکێ»، یادگە سەقام ناگرێت. جەختکردن لەسەر «هونەری نواندن» لە بانگەشە و پرۆپاگەندا بۆ ئەوەیە کە ڕووبەری «یادگەی وێنەیی» ئەوەندە لەسەر زەین کەڵەکە ببێت کە هەدای «بیرکردنەوە» نەدات؛ چونکە بە بێ مەوداگرتن لە «ڕووداو» دەرفەتی بیرکردنەوە نارەخسێت.

ئامانجی پڕوپاگەندا دروستکردنی جمکوتی دەنگی یان ژاوەژاوە. دەنگ و وێنەی پەیتاپەیتا بۆ ئەوەیە مەودایەک بۆ بیرکردنەوە نەمێنێتەوە. تەیارکردنی کۆمەڵانی خەڵک بۆ پشتگیریی سیاسەتی فەرمی و کپکردنی دەنگی ناڕازی، دەرفەت بە تیرۆری کەسایەتیی ناڕازی و ڕەخنەگران دەدات.

«تەلەڤیزیۆن» پڕوپاگەندا لە دەنگەدەنگ و ژاوەژاوەوە دەکات بە «جمکوتی وێنەیی» واتە قەرەباڵغیی «زار» دەگوازێتەوە بۆ «چاو»! کاریگەریی تەلەڤیزیۆن لە سەدەی بیستەمدا سەرسوڕهێن بووە؛ تەلەڤیزیۆن توانیویەتی تێکڕای هونەرەکانی نواندن لە خۆیدا کۆ بکاتەوە. «گەمژەپەروەریی تەلەڤیزیۆن» بە گوتەی کارڵ پۆپەر، زیاتر لە هەموو ڕاگەیەنێکی دیکە خزمەتی بە سیستمی سیاسی کردووە. تەلەڤیزیۆن «فەزای سورڕیاڵ»ی نێو هونەر و شانۆ و نیگارکێشی و ئەدەبیاتی فانتێزیکی بەتێکڕا داگیر کرد. بەو مانایەی کە تەلەڤیزیۆن ڕێبازێکی دیاریکراو نەبوو، مانیفێست نەبوو، جەرگەیەکی ڕووناکبیری نەبوو؛ تەلەڤیزیۆن هەمان بەرنامە بوو. تەلەڤیزیۆن داگیرکەری کاتژمێرەکان بوو. «تەلەڤیزیۆن» وەک «ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان» نوێنەری «دەوڵەتان» بوو نەک «نەتەوەکان».

# تەلەڤیزیۆن «جادوو»
# نەک «هەقیقەت»!

# تەلەڤیزیۆن «جادوو» نەک «حەقیقەت»!

جیهانی کۆن «چرای عەلائەددین»ی هەبوو؛ جیهانی جادوو، جیهانی ئاواتە دوورەدەستەکان، جیهانی ئەفسانەکان: دێویکی خزمەتکار کە دەکەوتە خزمەتی خاوەنی چراکە. هیچ مرۆڤێکی سەدە کۆنەکان نەبوو بە خاوەنی وەها دێویک، بەڵام دەتوانین بڵێین لە خەیاڵی کۆمەڵانی خەڵکی ساویلکەدا ئەم چرایە هەزاران کاتژمێری لە «گێڕانەوە»دا بۆ خۆی تەرخان کرد!

## - تەلەڤیزیۆن، «قتووی جادوو»، لە جیهانی مودێرندا.

کارتۆن، ئەنیمەیشن، فیلمی سینەمایی. زنجیرەی تەلەڤیزیۆنی، دیکۆمێنتاری (بە هەموو جۆرەکانییەوە)، هەواڵەکان، شرۆڤەی سیاسەت و ئابووری و فەرهەنگ، گفتوگۆ و گەنگەشە و مشتومڕی ئاراستە و ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکان و ڕیکلام؛ هەموو ئەمانە کاری تەلەڤیزیۆنن.

کەسێک کە لە ڕۆژگاری «چیرۆکانی بەرئاگردان» دەژیا، قارەمانەکانی لە گێڕانەوەی هەقایەتبێژدا وێنا دەکرد. ئەو، لە جیهانی خەیاڵیی دێوان و جنۆکان و پەرییەکاندا دەژیا؛ خەیاڵێکی خۆوڵاتییانە، قەتیسی ژینگەی سادەی گوندی و ئاغەواتی. ئەو لە ژینگەی کشتوکاڵیدا دەیتوانی «کوولەکەی ڕۆح» وەک هەبوویەکی خەیاڵی بهۆنێتەوە. یارەکەی بکات بە «کوولەکەی ڕۆح». لەبەر ترس و چێژی خۆترساندن وێنای «کانی جنۆکان» بپەژرێنێت؛ پەی بە جوانیناسیی ترس ببات!

ئەم چیرۆکانە زارەکییانە دەهۆنرانەوە، دەچنران و لە هەمان ژینگەدا دەگوترانەوە. خەیاڵی ڕوون، قارەمانی دەسکردی خۆماڵی، سروشتی ئاشنا و زمانی بێگرێی گێڕانەوە کە تا ئەو کات تووشی وەسفی دەروونناسانەی کەسایەتیی ڕۆمانی مودێرن نەبووبوو!

ئێمە لە سەردەمی «تەلەڤیزیۆن»دا لە دایک بووین. لانیکەم لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هەموو ماڵە کوردێک تەلەڤیزیۆنێکی لە ماڵەوە هەبوو. کەسانێک کە یەکەمجار لەم تەلەڤیزیۆنە دەرکەوتن، سەرودەسماڵ و ڕانگ و چۆخە و جامانە و سۆرانی و کڵاشیان نەبوو. زۆربەیان «سەرڕووت» بوون، زمانیان کوردی نەبوو، «شێوەی ژیان»یان ئاشنا نەبوو. سەمایان دەکرد، بەڵام هەڵپەڕکێیان نەبوو. لە شارێکدا دەژیان کە خانووبەرە و تەلارسازییان جیاواز بوو... سیستمی خۆراکی جیاواز، شێوازی ئاخاوتنی سەیروسەمەرە کە لە باری نیشانەناسییەوە لەگەڵ نیشانەناسیی هەڵسوکەوتی زمانیدا نەدەگونجا (وەک:

جووڵەی جیاوازی دەست و دەموچاو و بەگشتی جووڵەکانی لەش). یەکەمجار بوو ئەم مرۆڤە ژێردەستەیە، لە ڕێگەی مرۆڤێکی سەردەستەوە دەخرایە بەردەم جیهانێکی مودێرنەوە کە خۆی هەڵینەبژاردبوو و دەوڵەتێک سیاسەتی ئەم تەلەڤیزیۆنەی دادەڕشت کە دەوڵەتی ئەم مرۆڤە نییە و تەنیا لەو سنوورانەدا دەژی کە ئەو دەوڵەتە بەسەریدا زاڵە. بەچاری ناچاری ئەم «قتووی جادوو»ە تێکەڵ بە ژیانی ئێمە بوو. یەکەمجار بوو کە بەرگوێی ئاگردان جێی خۆی بۆ «کارتۆن» چۆڵ کرد. چیرۆکێک کە وێنەبزواو (ئەنیمەیشن) بوو، قارەمانی شووتیلەسەری قژزەردی چاوشین، تەنافبازیی دەکرد!

مەبەستی من لێرەدا، باسکردن لە سوود و زیانی تەلەڤیزیۆن نییە؛ مەبەست کاریگەرییەکە کە لەسەر شێوەکانی بینین و بیستن و بەگشتی «گێڕانەوە» دایدەنێت. هەڵبەت سوودەکانی تەلەڤیزیۆنی بێگانەی زاڵ بۆ نەتەوەی ژێردەستە لە زیانەکانی کەمترن. بۆ نموونە: کۆڵۆنیالیزمی فەرەنسی لەگەڵ خۆیدا، چاپخانە دەبات بۆ میسر و جەزایر، بەڵام باش یان خراپ دەیهەوێت «شێوەی ژیان»ی خۆی بسەپێنێت. ئێمە دەتوانین لە سوودەکانی کۆڵۆنیالیزمی ئەورووپاییش بدوێین. بەڵام ئاشکرایە کە ئەو «لەخۆنامۆبوون»ەی کە کۆڵۆنیالیزم بەسەر ژێردەستەکاندا دەیهێنێت نکوڵیی لێناکرێت. «چاپخانە» بووە هۆی گەشەی فراوانی زانیاریی گشتی، بەرینکردنەوەی جیهانی زەینیی مرۆڤ و کرانەوە بەڕووی جیهاندا. ئەدەبیاتی گەلانی بە ئێمە ناساند و زانستە جیاوازەکانی بۆ ئێمە ڕوون کردەوە. خوێنەر دەکرێ هەموو ئەم سوودانە بژمێرێت. بەڵام جەختی من لەسەر «شێوەی ژیان» بۆ ئەوەیە کە بڵێم، جیهانی خۆوڵاتیی مرۆڤی ژێردەستە لە بەرتەسکیی خۆیدا مایەوە، ئەم جیهانە بەو زمانە ناوچەییە و بەو هونەرە سەرەتایی و بەو پیشەگەرییە سنووردارەوە نەیدەتوانی دەرۆستی ئەو هەموو ڕووبەرە بەرفراوانە بێت کە تێی کەوتبوو؛ زمان، ئەدەبی خۆوڵاتی و هونەر و سیستمی خۆراک و پیشەگەرییەکەی خرابووە پەراوێزەوە. پێی دەگوترا دەبێ ئەو «شێوە ژیان»ە وەلا بنێیت. هەروەک لە بەرایی ئەم وتارەدا هاتووە، «داگیرکراو» لەگەڵ «داگیرکەر»دا نەکەوتە نێو گفتوگۆی فەرهەنگییەوە تا لەنێوان هەردووک فەرهەنگدا «دەقئاوێزان»ێک بڕەخسێت. ئەگەر لە «کۆڵۆنیالیزم»ی ئەورووپیدا هەناسەیەک بە ناوچە کۆڵۆنیالەکان درا تا زمان و ئەدەبیان بپارێزن و بە زمانی خۆیان بخوێنن و خاوەنی ڕاگەیاندنی خۆیان بن، دەوڵەتانی داگیرکەری وڵاتی ئێمە (کوردستان) لە دەوڵەت - نەتەوەکەیاندا ڕێزیان لە «شێوەی ژیان»ی ئێمە نەگرت و لەگەڵمان نەکەوتنە گفتوگۆ. ئەگەر شتێکی باشیشیان هێنابێتە نێو ژیانی ئێمەوە تەنیا بە مەبەستی «جێگۆڕکێ» بووە؛ بەو واتایەی کە کەرستەیەکی مودێرن جێی کەرستەیەکی خۆماڵیی لەق کردووە. مەبەستمە بڵێم کە «شێوەی ژیان» کارکردی خۆی هەیە؛ کەرستەیەک کە دروست دەکرێت، بەرهەمێکی لێدەکەوێتەوە کە لە شێوازێکی بەرهەمهێناندا ڕەخساوە. «شێوازی بەرهەمهێنان» لە فەرهەنگێکدا بەندە بە ڕوانگەیەکەوە

کە ئەو جڤاکە لەمەڕ بەرهەمهێنان و ژینگەوە هەیەتی. دەبێ ئەو جڤاکە لە ڕەوتی «کار»دا، لە کەموکووڕیی بەرهەمهێنانەکەی خۆی تێبگات. بۆ نموونە هەر کەرستەکەیەکی کشتوکاڵی دەبێ لەگەڵ جەستەی «جووتیار»دا هەماهەنگ بێت. ئەم جووتیارە لە ژینگەیەکدا دەژی کە بەژن و باڵای نێونجێکی دیاریکراوی هەیە، دەبێ دەست و قاچی لەگەڵ کەرستەکەدا هەماهەنگ بێت. چونکە تەکنیکی کاری جەستەیی پێوەندیی بە توانست و هێز و سنووری خۆگونجاندنی جەستەی مرۆڤەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، کەرستەیەکی خۆماڵی لە ڕەوتی «کار»دا وێنای فەرهەنگیی خۆی هەیە، مێژینەی هەیە، لەنێو ئەدەب و هونەری زارەکیدا جێگەی هەیە، کە وابوو لە «گێڕانەوە»دا هەنتەشی هەیە. هەر بۆیە دەتوانین بێژین لە نۆستالۆژیای ئێمەدا داس و پێمەڕە و پاچ و زەنگەن و تەشی و جۆلاییی و ...هتد «ڕەوتی کار»ی ئێمە نیشان دەدەن کە بەشێک لە شێوەی ژیانمانن.

لەنەکاو تێکڕای ئەم «شێوەی ژیان»ەی داگیرکراو لە تەلەڤیزیۆندا ون دەکرێت، هەر بەو جۆرەی کە لە ژیانی کەتوارەکیی جڤاکی داگیرکراودا دەسڕدرێتەوە. «شێوەی ژیان»ی داگیرکەر بەشێوەیەکی وێنەیی لە چاومان دەچەقێت تا ناچار بە «لاساییکردنەوە»مان بکات. مەبەست ئەوەیە «ڕەوتی کار»ی جڤاکی داگیرکراو بگۆڕدرێت تا «شێوازی بەرهەمهێنانیشی بگۆڕدرێت. ناوی کەرستەکان دەگۆڕدرێت، کارکردیان نامێنێت تا وردە وردە فەرامۆش بکرێن. هەموو شتێک وەک دەزگایەکی زەبەلاحی «تواندنەوە(ئاسیمیلاسیۆن)» وەگەڕ دەخرێت. دەسکاریی «گێڕانەوە»کان بکە تا «شێوەی ژیان»ەکان بگۆڕدرێت!

ئاراستەکردنی «ڕای گشتی» یەکێک لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنە. بەڵام ئەم ئەرکە لەو وڵاتانەی کە چەند نەتەوەیەک تێیدا دەچەوسێنەوە شێوەیەکی دیکە بەخۆوە دەگرێت. بۆ نموونە، لە سیاسەتی فەرهەنگیی دەوڵەتێکی تۆتالیتاردا کە سیاسەتی تواندنەوە وێڕای «توندەهێز» لە «نەرمەهێز»یشدا پەیڕەو دەکرێت، ژێردەستەی مافخواز بە چ ناوێک ناو دەنرێت؟ لە سەردەمی کۆندا کوردەکان بە «نەوەی جنۆکە»، «کەللەڕەق» و «هۆڤ و دڕندە» دەناسێنران... لە سیاسەتی دەوڵەت - نەتەوەکانی ناوچەکەدا کورد بە «تورکی کێوی» و «سەربڕ» و لەم دواییانەش «تیرۆریست» و جیاییخواز» لەقەڵەم دەدران. لە سینەما و درامادا جارناجارێ دوو کەس دەکەونە دوو بەرەی دژبەیەک کە هەردووکیان «کورد»ن. یەکێک سەر بە دەوڵەت و پیاوی باش، ئەوی دیکە «تیرۆریست» یان «چەتە».هەروەها؛ لەم دواییانەشدا «کۆڵبەر»!

لە سینەما و درامادا ژێردەستەکان «قارەمان»ی خۆیان نابینن، قارەمانیان بۆ دادەتاشرێت. هیچکام لەو «قارەمان»انەی کە لە چیرۆکی بەرگوێی ئاگردان یان ڕووداوە مێژووییەکاندا ژێردەستە هەیەتی، دەرناکەوێت. ئەفسانەکانی ون دەبن و فەرامۆش دەکرێن. جێگۆڕکێی

قارەمانی بێگانە لەگەڵ قارەمانی خۆیی ڕوودەدات. ئەگەر ئەندامێکی نەتەوەی ژێردەستە لە دیمەنێکی فیلمێکدا دەربکەوێت، وەک «گەمژە» یان «تێکدەر»، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ» نیشان دەدرێت تا لە خەیاڵی داگیرکراواندا «وێنای قارەمان» دروست نەکات. جاڕوبار کابرایەکی «نوکتەباز» لە بەرنامەیەکدا بە تەوس و پلارەوە گاڵتە بە سیمبۆلێک دەکات کە چاو و گوێی ژێردەستەکان دەیناسنەوە. ئامانج ئەوەیە ئەگەر لە سووچی زەینی داماوی ئەم داماوانەدا شتێک بۆ شانازی ماوەتەوە بەر پلاری پێکەنین بکەوێت. ئامانجەکە هەروەک پێشتر باسم کرد «بەخۆداشکانەوە»یە تا ڕۆحی ئازارچەشتە بەرەبەرە کرمێ ببێت.

لە یەکێک لە فیلمەکانی «جری لویس» - کۆمیدیەنی ئەمریکایی - ڕەشپێستێکی قەترانی، لەنەکاو دەکەوێتە بەرچاوی «لویس»؛ ئەو یەکەمجارە ڕەشپێستێکی لەو چەشنە ببینێت. قامکی دۆشاومژەی بە ڕوومەتی ڕەشپێستەکەدا دەهێنێت، چونکە وا دەزانێت بە دووکەڵ ڕەش هەڵگەڕاوە!

لە ڕاڤەی ئەم دیمەنەدا ڕەنگە بڵێین «سپیپێستی گەمژە» پێی وایە هەموو مرۆڤەکان دەبێ «سپی» بن! ڕەنگە «ڕەشپێستێک» ئەمە بەو جۆرە لێک بداتەوە. دەتوانین بپرسین ئایا کابرایەکی سپیپێست وەک ڕەشپێستەکە ڕاڤەی دەکات؟! ئەم دیمەنە وەک «تەڵەزگەیەکی مانایی» لە باری نیشانەناسییەوە چارە ناکرێت. ئاخۆ هەر لە بنەڕەتەوە ئامانجەکە دروستکردنی ئەم تەڵەزگە ماناییە بووە؟

بەجێهێشتن یان دروستکردنی «تەڵەزگەی واتایی»، مەتەڵێکە کە هەر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوەیە کە وەک «مەتەڵ» بمێنێتەوە؛ هەم لە زەینی نەتەوەی سەردەست و هەم لە زەینی نەتەوەی ژێردەستدا. پاتەوپاتی وێنەیەکی هەمیشەیی لە هونەر و ئەدەبیاتدا لەمەڕ دیاردەیەک یان بوونەوەرێک دوو کارکردی هەیە:

١. دروستکردنی زەینخورکە (ملکە ذهن) لە ناسکار (سۆبجێکت)دا

٢. لەچەقخستن یان خستنەچەقی دیاردە یان بوونەوەرێک

## «بتستكردني» واته «به كوردم دەزانی؟!»

ساڵانێک لە دراما میسرییەکاندا ئەم ڕستەیە بەکار دەهات؛ نێوەرۆکی ئەم ڕستەیە سووکسارانە بوو. ئەگەر میسرییەک گلەیی کردبا کە بەرانبەرەکەی بە «گەمژەی» دەزانێت، دەیگوت: «بە کوردم دەزانی؟!» هەڵبەت دواتر «جەمال عەبدولناسر» پاش دیدارێک لەگەڵ «مام جەلال تاڵەبانی»- کە داوای لێکردبوو لە دراما و فیلم و بەرنامە تەلەڤیزیۆنەکاندا ئەم ڕستەیە بەکار نەهێنرێت - بەکارهێنانی ئەم ڕستەیەی قەدەخە کرد. دواتر ئەم ڕستەیە بەشێوەیەکی دیکە، ناخودئاگای مرۆڤی کورد داگیر دەکات؛ من لەو بڕوایەدام ئیدیۆمی «مەڵێ کوردبوو نەیزانی؟!» ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەم جۆرە دەربڕینە میسرییەوە وەرگرتووە!

هەروەها؛

جاروبار لە «ڕشتەی مرواریی» عەلائەددین سەجاددی لە سەرەتای بەسەرهاتێکدا دەگوترێت «کوردێک»... کورد، وەک تاکەکەسێک، لادێنشینی شارنەدیو. یان بەکارهێنانی وشەی «کرمانج» بۆ خەڵکی گوندی و لادێی... یان بەکارهێنانی «لادێی»، کە کورد زۆر بەکاری دەهێنێت؛ لەکاتێکدا زۆرینەی کوردان لە لادێکاندا ژیاون!

ئەم کاریگەرییانە لە ئەدەبیات و هونەری گێڕانەوەی «ئەوی دیکە»وە پەڕیونەتە نێو جڤاکی داگیرکراوەوە و لەبەرئەوەی بە زمانی تەنز دەردەبردرێن پەردەکانی «ناخودئاگا» دادەڕن و جاروبار دێنەوە نێو «خودئاگا» و دەدرکێنرێن : «مەڵێ کوردبوو نەیزانی!»

جیهانی «پاش تەلەڤیزیۆن» زۆر جادوویتر بوو. تۆڕی جیهانیی زانیاری بە سەرهەڵدانی «ئینتەرنێت» گەلێ ئاڵۆزتر بووە! وێنە و وێنای بەدوایەکداتوو و هاوتەرییبی «هەقیقەت و خوازە» ژینگەی خۆولاتیی بەرتەسک کردووەتەوە. قارەمانی سینەمایی، قارەمانی ئەنیمەیشن و «گەیم» بەشێکی زۆری زەین و یادگەی مرۆڤی ئەمڕۆیی بەتایبەت منداڵان و مێردمنداڵان و تازەلاوان و لاوانی داگیرکردووە. «باتمان»، سپایدرمەن»، «هۆک»، «سەور»، «ئەلکترا» و ...هتد لە سینەماوە بۆ «پلەیستەیشن» هەبوویەکی خوازەیین کە کاریگەرییان لە هەبووی کەتوارەکی لە ژیانی زەینیدا بەهێزترە. مەبەستم ئەوەیە کە ڕۆژبەڕۆژ «نۆستالۆژیای خۆیی» پاشەکشێ دەکات و «نۆستالۆژیای بێگانە» بەم قارەمانانەوە زیاتر یادگەکان داگیر دەکات. بۆ نەتەوەیەکی ژێردەستەی وەک «کورد» کە «گێڕانەوە»

ڕەسەنەکانی خۆی لە ژینگەی خۆوڵاتیی خۆیدا دەبینێتەوە، «قەیرانی گێڕانەوە» و «قەیرانی قارەمانی نوێ» لەپاش قەیرانی قارەمانانی چیرۆکانی بەرگوێی ئاگردان کە تەنانەت نەمانتوانیوە لە «فیلم کارتۆنی کوردی»دا نیشانیان بدەینەوە، ڕووبەری نۆستالۆژیای خۆیی دەسڕێتەوە یان ئەوەندە کەمی دەکاتەوە کە شایانی باس نەبێت.

- پوختکردنەوەی بابەتێکی لەم چەشنەی تایبەت بە «نۆستالۆژیای داگیرکراوان» بۆ نووسەرێکی کورد کە نەتەوەکەی داگیر کراوە، لە چەند بەرەنجامێکدا ئاسان نییە. ئەم بابەتە لانیکەم بە زمانی کوردی شتێکی وای لەبارەوە نەنووسراوە. بەدڵنیاییەوە کەموکووڕییەکانی زۆرن و ڕەنگە خوێنەری ڕەخنەگر لە باری مێتۆدەوە ڕەخنە لە بابەتەکە بگرێت کە بە بڕوای بەندە بەجێیە. پوختەی وتارەکە لە بەراییەکەیدا بەدیدەکرێت. هەموو ئەم وتارە شیکردنەوەی پوختەیەکە کە لە بەراییەکەدا هاتووە. ئەم وتارە بیرۆکەکانی نووسەرە لەبارەی نێوەرۆکێک کە بە گرنگی زانیوە. ڕاستەوخۆ هیچ سەرچاوەیەک بەکارنەهاتووە و دەڵاندنی هزری نووسەرە لەبارەی بابەتێک کە هیچ شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەنووسراوە. بە بڕوای نووسەر، گرنگیی بابەتەکە لە قووڵبوونەوەی نەتەوەی ژێردەستەدایە لە یادگەی خۆی لە ڕێگەی «گێڕانەوە» تەبا و ناتەباکانەوە؛ وردبوونەوەیە لە ناخودئاگای خۆی کە بە چ شێوەیەک تووشی دۆخگۆڕکێ و تەشکگۆڕان(مسخ) بووە. بەهەرحاڵ لەم سەردەمەدا هیچ ڕێگەیەکمان بۆ سڕینەوەی «نۆستالۆژیای بێگانە» نییە، ئەرکی ئێمە بۆ بەرهەمهێنان و ئافراندن یان هێشتنەوەی ڕووبەرێک بۆ «نۆستالۆژیای خۆیی» بۆ نەوەکانی داهاتوو لە دوو خاڵدا کورت دەکرێتەوە:

١ - نۆژەنکردنەوەی «گێڕانەوە» و «قارەمانی خۆوڵاتی» لە ڕێگەی هونەری نواندن یان بەوێنەییکردنی «گێڕانەوەی خۆوڵاتی» لە فیلم و فیلمی ئەنیمەیشندا بۆ ئەوەی لانیکەم ڕووبەرێک بۆ «نۆستالۆژیی خۆیی» بهێڵێتەوە.

٢ - توێژینەوەی دەروونناسانە و دیاردەناسانە و جوانیناسانە لەسەر کەسایەتیی مرۆڤی کورد لە «گێڕانەوە»دا لەپێناو دەستنیشانکردنی توخمی خۆیی و توخمی بێگانە بۆ ئەوەی خودئاگای مرۆڤی کورد لەو شتە ئاگادار ببێتەوە کە خزاوەتە ناخودئاگایەوە. هەڵبەت مەبەست ئەوە نییە هەموو توخمێکی

بێگانە کە لە «گێڕانەوە»دا گیرساوەتەوە بسڕینەوە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە هەماهەنگییەک لەنێوان «خودئاگا» و «ناخودئاگا»دا دروست بکەین.

ڕوانگەیەک کە لەبارەی «نۆستالۆژیا» لەم وتارەدا خراوەتە ڕوو، لە پێوەندی لەگەڵ «گێڕانەوە»دا خراوەتە بەرباس. بەڵام «گێڕانەوە» بەشێوەیەکی بەرین، نەک تەنیا وەک بابەتێکی ئەدەبی، خراوەتە بەرباس. پێوەندیی «یادگە» و گێڕانەوە» و ئەم پرسیارە کە ئاخۆ «گێڕانەوە» یادگە دروست دەکات یان «یادگە» گێڕانەوە بەرهەم دەهێنێت، پرسیارێکی ئاسان نییە. ڕەنگە بتوانین بڵێین پێوەندییەکی دیالکتیکی لە نێوان هەردووکیاندا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بە لەبەرچاوگرتنی «ڕوودان» و «ڕووداو»، دەتوانین لە سەنگی «گێڕانەوە» لە دروستبوونی «یادگە» تێبگەین کە خاڵێکە بۆ بیرکردنەوەی خوێنەران لەبارەی ئەم بابەتەوە.

*ئەم وتارە پێشتر لە گۆڤاری نما بڵاوکراوەتەوە

**Preliminary**

The occupied are constantly longing to return to a lost memory or homeland. Even before the literary term "nostalgia" was coined, this yearning for return has been a characteristic of world literature in general and Kurdish literature in particular. Homer's Odyssey begins with Odysseus on the island of Ogygia, crying and burning, longing for his beloved Ithaca (his hometown). Despite the goddess Calypso offering him marriage and eternal life, Odysseus still desires to return to his birthplace, even after Calypso warns him of the hardships he will face on his journey home.

All nostalgias may have in common the longing to return to their homeland or the past. However, it is the surrounding circumstances and mental and imaginary experiences that differ in meaning and narrative. In the Kurdish narrative tradition, Ehmedê Xanî's Mem û Zîn (Mem and Zin) may be the first narrative reflecting a return to occupied memory. It embodies a longing for storytelling in "Kurdish" itself—exploring themes of love, imagination, power, nature, loyalty, sacrifice, and martyrdom. Even translated Kurdish poetic stories, such as those in the Gorani dialect, express that a country is not merely a geographical or spatio-temporal space. Without an existence in its own language and narrative, it lacks a distinctive identity. The essence of these narratives in different Kurdish dialects is crucial, offering a confident comparison with Persian, Turkish, and Arabic traditions. They take pride in deriving meaning from a rich cultural and linguistic heritage. It is through their comparative values, aesthetics, and morality that Kurds, like their occupied ancestors, continue to resist the invader by preserving their cultural identity.

An occupied individual, such as a Kurd, may not be far from his homeland or physically distant from it, but his existence is tied to his land. He seeks to remove barriers to the free expression of his present and past, which have led to deep alienation. The nostalgia of the occupied is a means of escaping occupation, aiming to rebuild a country in the imagination to counter the dominant narrative institutionalized by the occupier through media, education, and ideological institutions.

In the prosperous Western world, nostalgia is sometimes interpreted as being out of touch, backward, or alienated. For the occupied, however, it is a way to rebuild a relationship with their environment, feelings, memories, and homeland. It is an escape from alien-dominated narratives incompatible with their life, culture, and country. Historically, occupiers have masked their oppression and occupation of Kurds by co-opting their experiences and representations in the name of modernization, through so-called schools and guidance centers, or by justifying their brutal occupation through false media narratives.

Editorial Board of the TISHK Research Paper

**Impressum:**

**Verlags- bzw. Erscheinungsort:**
Köln
**Herausgeber:**
TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan.
**Redaktion:** Advisory board of TISHK.
**Druck:** Eigendruck
**Vertrieb:** Durch den Herausgeber
**Anschrift der Redaktion:**
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
Postfach: 840108
51033 Köln
**Email:** info@tishk.org
**Webseite:** www.tishk.org
**Tel.Nr.:** +4915110338428

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

TISHK Center for Kurdistan Studies

**Copyright.**

© 2024 by TISHK Center for Kurdistan Studies is licensed under CC BY-NC 4.0

**TISHK Research Papers** are peer reviewed by senior researchers and the advisory board of TISHK Center for Kurdistan Studies. They express exclusively the personal views of the author(s).

TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
P.O.: 840108
51033 Cologne
www.tishk.org
info@tishk.org
Tel.Nr.: +4915110338428

ISSN 2943-7245
ISSN (Online) 2943-7237
https://doi.org/10.69939/TISHK6110

The TISHK Research Papers project is designed to establish a robust framework for the publication of high-quality research on Eastern Kurdistan (Kurdistan-Iran) and other ethnic and religious groups in Iran, including Baloch, Azerbaijani, Arab, and Yaresani, Bahá'í, Zarathustrians, and others. This project was initiated by the TISHK Center for Kurdistan Studies with the objective of promoting scholarly discourse, enhancing understanding of regional issues, and contributing to the scholarly community through peer-reviewed publications. All research papers undergo a rigorous peer-review process and are edited by leading scholars and the Editorial Board of the TISHK Research Paper.

**TISHK Research Paper**
TISHK Zentrum für Studien über Kurdistan
(TISHK Center for Kurdistan Studies)

Masoud Babaie
**Nostalgia of the Occupied**

TISHK Research Paper (1)
July 2024
Cologne

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

# Nostalgia of the Occupied

Masoud Babaie

ISSN 2943-7245
E- ISSN 2943-7237

The Paper, titled "Nostalgia of the Occupied", authored by Masoud Babaie, analyses the deep-seated sense of nostalgia and yearning for homeland that pervades literature, especially Kurdish literature. This longing, evident since ancient works like Homer's Odyssey, is a significant theme in Kurdish narratives. Ehmedê Xanî's "Mem û Zîn" exemplifies the desire to preserve cultural identity through the Kurdish language and storytelling. These narratives go beyond mere geographical or temporal references, embodying a profound cultural and linguistic essence. For Kurds, nostalgic stories are a means to escape occupation and construct an alternative narrative identity, independent of the occupier's influence. While nostalgia in Western societies is often viewed as backward or out of touch, for the occupied, it is a way to maintain their connection to homeland and culture, resisting foreign domination. Babaie's paper underscores how Kurdish literature, with its themes of love, loyalty, and sacrifice, provides a rich cultural heritage resilient against oppressive forces.

TISHK Research Paper
July 2024
(1)
Cologne

TISHK
The Center for Kurdistan Studies